گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة راپرين

ڕێــکـەوتــی وەرگــرتــن: 02/01/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 13/03/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper22

# بیری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لە پرۆگرام و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کورد و هێڤیدا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی – شیکارییە)

دارا تۆفیق کاکەامین [1] - شوان احمد محمد [2]

daratofiyq@uor.edu.krd shwan.112120031@uor.edu.krd

[1] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، سەرۆکایەتی زانکۆ، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

شەن و کەوکردنی بارودۆخی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بێگەڕانەوە بۆ وردەکاری ڕوداوە سیاسی و جوڵانەوە چەکدارییەکانی هاوسەردەم، گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت لەسەردەمانێکدا، کە زەمینەسازی بۆ دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی و واڵاکردنی دەلاقەکانی ڕۆشنبیری تاکو دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم داخراو بون، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم، زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند بۆ پەرەسەندنی چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لەنێو گەلانی دەوڵەتی عوسمانیدا.

توێژینەوە لەهەردو کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کورد و هێڤی لەهەردو بواری نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەوە لەو ڕوانگەیەوە دێت، ئەوان گرنگیدانیان بەزمان و نوسین و خوێندن و خوێندەوارکردنی گەلی کورد و دامەزراندنی کتێبخانە و کردنەوەی قوتابخانەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤاریان کردبوە کاری لەپێشینەیان، لەهەمان کاتدا، ئەو بایەخدانە بەمێژو و هەستی نەتەوەیی و خۆجیاکردنەوە لەڕێکخراو کۆمەڵە ناکوردییەکانی دیکە و چونە ناو بۆتەیەکی جیاواز لەئەوان و هەوڵدانیان بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و سەرهەڵدانی گوتاری ناسیۆنالیزمانە بە پێوەرە نوێییەکانی ئەو سەردەم چ لەپەیڕەو پرۆگرامیان، چ لەبڵاوکراوەکانیاندا، هەروەک هۆکارەکانی نەگەیشتن بەئامانجە سەرەکییەکانیان جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنی توێژەرانە.

هەڵبەت ئەم کارەش چەندان توێژینەوەی دیکەی پێویستە، تا دەردەکەوێ لەسەرەتای دانانی بناغەکانی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و دەرگا کردنەوە بەڕوی ڕۆشنبیری سەردەم و ئامرازەکانی هۆشیاری هاوچەرخ، ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە چ ڕۆڵێکیان گێڕاوەو لەکوێدا پێکاویانە و چیتر پێویست بوە لەسەریان و هەنگاویان بۆی نەناوە؟ هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیەمانە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیانە.

**کلیلە وشەکان:** کۆمەڵە، نەتەوە، ڕۆشنبیری، نەتەوەیی، خوێندن و خوێندەواری

# National and Intellectual Thoughts in the Programs and Publications of the Kurdish Societies of Union and Progress and Hevi

## (A Historical-Analytical Study)

**Dara Tawfeeq Kaka Amin[1] - Shwan Ahmed Mohammed [2]**

[1]Department of History, College of Humanities, University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

[2] Directorate of Media,Presidency of University ,University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region , Iraq

### Abstract

Evaluating the national and intellectual contexts without delving into the specific political events and military movements holds significant value, particularly in periods that paved the way for understanding national identity and strengthening intellectual connections. This was foundational for the establishment of Kurdish societies and organizations in the early 20th century. The transformations of that era provided a basis for promoting intellectual and political activities within Ottoman communities.

This study focuses on the Kurdish Society of Union and Progress and Hevi (Komeley Te'awun û Terreqî and Hevî) from both national and intellectual perspectives. They emphasized language, writing, education, and the education of the Kurdish people, as well as the establishment of libraries, schools, and the publication of newspapers and magazines. Their efforts were pioneering at the time. Meanwhile, their focus on history, national identity, and differentiation from non-Kurdish organizations positioned them as unique entities. They strived for national awakening and expressed nationalist ideas through contemporary approaches, both in their programs and publications. However, various factors prevented them from fully achieving their main objectives, necessitating further scholarly inquiry.

Undoubtedly, this topic requires extensive research to trace the early foundations of Kurdish nationalism and its intellectual evolution. And Understanding the roles played by these associations and organizations, their achievements, what roles did these organizations play? Where did their efforts succeed? And what additional steps were necessary for them to achieve their goals? This study is conducted with the aim of evaluating their role and impact in shaping Kurdish nationalism and enlightenment.

**Keywords:** Society, Nation, Intellectualism, Nationalism, Education and Literacy.

## پێشەکی

توێژینەوە دەربارەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار گرنگ و هەستیارە، بەهۆی ئەوەی کە لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتوە و قۆناغێکی جیاواز لەوەو پێش هاتۆتە کایەوە، کە پشکی زۆر و زەبەندەی بەر کورد و کوردستان کەوتوە. لەوکاتەدا ناوچەکە و جیهان ڕوداوگەلی خێرا و کاریگەریان تێدا ڕویداوە، هەر لە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و دامەزرانی کیانی سیاسیی لەسەر بنەمای

ناسیۆنالیزم و سەربەخۆیی بەشێک لەگەلانی ژێردەستە وکەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شۆڕشە دەستورییەکانی تورکیا و ئێرانەوە بگرە تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی، لەو سەروبەندەدا کرانەوەی وڵاتان و نەتەوەکان بە ڕوی هەستی نەتەوەگەرییدا بایەخێکی باڵای هەیە، کوردیش لەم کاتەدا دەستیکردوە بە دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی، کە ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورەی چۆنایەتی بو لە گۆڕینی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، لە چەکدارییەوە بۆ بزاڤی شارستانیەت، هەروەها لێرەوە ڕۆشنبیران و دەستەبژێرانی نەتەوەیی، هەوڵیانداوە لە ڕێگای ڕۆشنبیرکردن و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە، خەباتێکی نوێ دەستپێبکەن و گەلەکەیان بەرەو هۆشیاریی و زانست بەرن.

**گرنگی توێژینەوەکە:** زۆرترین توێژینەوەکان کە لە بارەی کوردەوە کراون، زیاتر بایەخدان بوە بە لایەنی سەربازی و بزوتنەوە و ڕاپەڕینی چەکداریی، کەمتر گەڕاونەتەوە سەر خەباتی مەدەنی و شارستانی، لەم سۆنگەیەوە ئەم کۆمەڵانەش، کە بە یەکەمین بناغە دانەری بیر و هەست و هۆشی نەتەوەیی دادەنرێن، لە ڕوی بونی پەیڕە و پرۆگرام و ڕێکخراوی مەدەنیی و دامودەزگا و دامەزراوەی شارستانییەوە، بایەخێکی وایان پێنەدراوە لەئاست ڕۆڵ و کۆششەکانیاندا بێت و هێشتا لەچاو جوڵانەوە سەربازییەکان نەناسراون، بۆیە پێمان وایە پێویستە زیاتر گرنگییان پێبدرێت، لە ئەنجامدانی توێژینەوەی سەربەخۆ ڕۆڵ و کاریگەرییان دەربخرێت، نەک لەگەڵ جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکاندا ناویان بهێنرێت، زۆربەی ئەو سەرچاوانەشی باسیان لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە کردوە، نەچونە ناو وردەکاری لە بارەی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بزاڤی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، لە کاتێکدا ڕۆژنامە و گۆڤاری زمانحاڵی خۆیانیان هەبوە، لەبەر ئەوە بە گرنگ و پێویستمان زانی بەم توێژینەوەیە ئەو لایەنانەیان دەربخرێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** بابەتی بەدواداچونی ڕۆشنبیریی و هزری نەتەوەیی، دیاریکردن و لاکردنەوەیە لەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتیانەی ڕۆڵیان لەو بوارانەدا گێڕاوە، لە سەردەمێکدا کە ناوچەکە و جیهان بەرەو گۆڕانکاریی کاریگەر هەنگاویان ناوە لە هەردو بوارەکەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت هەردو کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی و هێڤی جارێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و باس لە ڕۆڵ کاریگەرییان بکرێت لە ڕوی ڕۆشنبیری و نەتەوەییەوە، جگە لەوە ئامانج لێیان خستنەڕوی کاریگەری ئەم کۆمەڵانەو دیاریکردنی ئەو گرفتانەی لە بەردەمیاندا بوە،کە دواجار بونە هۆکار لەوەی نەتوانن بە تەواوەتی ئامانجەکانیان بپێکن و وەک گەلانی ناوچەکە خاکەکەیان لە دابەشکارییەکانی دوای خۆیان بپارێزن و هاوکێشە سیاسیەکانی زلهێزان لەبەرژەوەندی کورد بگۆڕن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەبەرئەوەی لە هیچ بابەتێکی مێژوویی ناتوانرێت پشت بەیەک میتۆدی زانستی ببەسترێت، چونکە ڕوداوە میژوییەکان جیاوازن، بۆیە لەم تویژینەوەیەدا زیاتر پشت بە میتۆدی شیکاری بەستراوە، لەپاڵیدا لەهەر شوێنیکیش پێویست بوبێت پشت بە میتۆدی جیاواز بەستراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە سەرەڕای پێشەکی لە چوار باسی سەرەکی پێکدێت، کە لە باسی یەکەمدا بارودۆخی سیاسیی و کەلتوری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەخاتەڕو، لە باسی دوەمیشدا کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کوردو هێڤی باس دەکرێن، کاتی دامەزراندن و داخران و دامەزرێنەرانیان دیاریدەکرێ، لە باسی سێیەمیشدا ڕۆڵیان لە بزاڤی ڕۆشنبیرییدا خراوەتەڕو، باسی چوارەمیش ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا لەخۆدەگرێت.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ ئەم توێژینەوەیە سودمان وەرگرتوە لەو کتێبانەی بەشێوەیەکی گشتی باسیان لە کۆمەڵەکان کردوە، هەرچەند سەرچاوەکان زانیاریەکانیان زۆربەی دوبارە و لەیەکتر وەرگیراوە، بۆیە هەوڵمانداوە لەو

شوێنانە ژێدەرەکان بەکاربهێنین، کە زانیاریەکی جیاوازیان لەسەرچاوەکانی پێش خۆیان تێدا بوە، بۆ بەڵگەی ڕۆڵگێڕانیان لە بزاڤەکانی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، بەتایبەت سەرچاوە ڕەسەنەکان، بەوەی ئەوەندەی کرابێت گوتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان وەرگیراوە، هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوەی (بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد)ی نوسەر و لێکۆلەر (جەلیلی جەلیل) بەستراوە، پاشان هەردو کتێبی (جەمعیەتی تەعان و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی) و (جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ١٩١٢-١٩٢٢)ی نوسەر و توێژەر (مالمیسانژ)بەکارهاتون، کە ئەم کتێبانە بایەخدارن بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە و زانیاریی گرنگیان تێدایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

**گرفتی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا کۆمەڵێک گرفت ڕوبەڕومان بونەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە لەسەرچاوەی زۆردا ناوی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە هاتوە، بەڵام زانیاریی زۆربەیان دوبارە و لەیەکتر وەرگیراو بون، بۆیە بە ناچاری لە سەرچاوە یەکەمینەکان سودمان وەرگرتوە.

## باسی یەکەم : بارودۆخی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم

ڕیشەی مرۆڤایەتی یەك سەرچاوەی هەیە، جیاوازی نەتەوایەتیی و ڕەگەزی جیاواز بونێکی خواکرد و سروشتییە، بۆیە مافی هەرنەتەوەیەکە پیادەی تایبەتمەندییەکانی بکات، بەبێ ئەوەی دوچاری ستەم و چەوساندنەوە و جیاوازی ڕەگەزی ببێتەوە، هەروەك خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا...)) (القران الكريم، سورة الحجرات، 13) واتە: ((ئەی خەڵکینە ئێوەمان لە پیاو و ژنێک دروستکردوە، واتە: لە ئادەم و حەوا... کردومانن بە چەند گەل و تیرەیەک تا یەکتربناسن نەک بۆ گاڵتەکردن و تانە و تەشەردان لەیەکتر و ستەم لەیەکترکردن...))،(مەحمود، ٢٠٠٩، ١٠٠١) تەنانەت ئەم دروستکردنە لای پەروەردگار ئەوەندە گەورەیە، کە بە نیشانەی بەهێزی خۆی دادەنێت لەپاڵ دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و دەفەرموێت: ((وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ)). (القران الكريم، سورة الروم:٢٢) واتە: ((لە نیشانەکانی خوای گەورەیە دروستکردنی ئاسمانەکان و. . . دروستکردنی زەوی. . . و جیاوازی زمان و ئاواز و بەرز و نزمی مۆسیقای وتارتان و جیاوازی شێوە و پەیکەر و ڕەنگ و ڕێکی لەباری پارچەکانی لەشتان، لەسەر مناسەبەی وڵات و ئاووهەوای ناوچەکانتان... بە ڕاستی لەم وردەکارییەدا گەلێ بەڵگەی بەهێز هەیە...)). (مودەڕیس،١٣٨٩(٢٠١١)،٢٣٠)

هەڵبەت کاتێك پێناسەی نەتەوە دەکەین، کە کۆمەڵەیەکی مرۆییە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە، بەهۆی چەندین فاکتەری بابەتی وەک (زمان، مێژو، خاک، کلتور، ئایین، ئابوری ...)، فاکتەری خۆیی مەعنەوی، وەک (ویست و ئیرادەی ژیانی هاوبەش هەست و هۆشیاری هاوبەش) بەیەکدی بەسراونەتەوە، هەر ئەم هۆکارانەش بە پلەی جیاواز نەتەوە لە فۆڕمە سیاسییەکەیدا ڕێکدەخەن و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو ئاڕاستەی دەکەن. (عەلی، ٢٠٠٤، ٨٨-٨٩)

بە کارکردن لە چواچێوەی هەستی نەتەوەییش چەمکی ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدات، کە لەگەڵ پێناسە جۆراوجۆرەکانیەوە لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا وا پێناسە کراوە، کە: "ناسۆنالیزم ویست و ئارەزوی گروپێکی مرۆییە، کەهاوبەشن لە ڕەگەز، کەلتورو زمان و...، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ".( The oxford English Dictionary, 2001, 847) واتە سیستەمێکی فکرییە، یان بیروباوەڕێکی سیاسیی-کۆمەڵایەتییە، ئەندامانی کۆمەڵگا بە خۆشەویستی نەتەوە، پاراستن و بەرەوپێشبردنی بنەما هاوبەشەکانی نەتەوە و ڕاگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی گۆش دەکات، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە ئاڕاستەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە دەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی، نەتەوە

خاوەن دەوڵەتەکانیش بە ئاقاری پاراستنی قەوارەی سیاسیان و گەشەپێکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی ئاراستە دەکات، بێ ئەوەی هێرش و پەلامار بکەنە سەر سنوری سیاسی نەتەوەیەکی تر، (عەلی، ٢٠٠٤، ٤٦) تەنانەت زۆربەی پسپۆڕانی بواری ناسیۆنالیزم پێیانوایە، کە نەتەوە ناسیۆنالیزم دروست ناکات، بەڵکو ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات، (بروینسێن و ئەوانی تر، ٢٠١٢، ١١) بەڵام هزری ناسیۆنالیزمی بۆ ڕۆژهەڵات بەگشتی و بۆ ناو کورد بەتایبەتی بەدرەنگەوە هات و تا ئێستاش لەناو کوردا لە زۆر لایەنەوە دەلەنگێت و خۆی نەگرتوە، وەلێ لەگەڵ لەرزۆکی فکرەکەش ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوە. (گەنتەر، ٢٠٠٧، ٢٧٣) گەر بەراوردیش بکەین لە نێوان مەبەستەکانی هەردو ئایەتەکەی قورئانی پیرۆز و پێناسەکان، دەردەکەوێت قورئان هانی نەتەوەکان دەدات بۆ پارێزگاری لە شوناس و کلتور و جیاوازییەکانی خۆیان، ناسیۆنالیزمیش بۆ پاراستن و مانەوەی ئەو نەتەوانەیە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان و پارێزگاری لە جیاوازییەکانیان، نەك تێکگیرانیان نییە، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، بە مەرجێك نەبێتە هۆی دەستدرێژی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەی دیکە و سەرکێشان بۆ دەمارگیریی و ستەمکاریی.

لە سەدەی نۆزدەدا مەسەلەی ناسیۆنالیزم و تەنانەت گوتاری نەتەوەییش ئاخاوتنێکی دەوڵەمەندبون، چونکە ناسیۆنالیزم لەو قۆناغەدا گەیشتبوە ئاستێکی تەواو پەرەسەندو، بابەتی دەوڵەتی نەتەوەیی بە گشتی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی گرتبوەوە،(قەرەداخی، ٢٠٠٧، ٧٥) لەسەرەتاشدا دەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی ئەوروپی لای هەندێ لەگەلانی ناموسڵمانی دەوڵەتی عوسمانیی، کە کەوتۆتە بەشی ئەوروپاوە بەتوندی دەستی پێکردوە، بە یۆنان کە لە ساڵی ١٨٣٢ لەدەوڵەتی عوسمانیی جیابوەوە سەریهەڵدا، دواتر بۆ گەلانی بەلقان و پاشان بۆ ئەرمەن گواسترایەوە، (سیف الدین، ٢٠٠٩، ١٢٣) ئەمەش هاوکات بو لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی ئیمپڕاڵیزم و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانیی و بوژانەوەی بزاڤی ڕزگاری نیشتمانیی گەلانی غەیرە تورک، کە دەرئەنجامی تاوسەندنی ستەم و زۆری کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی بو، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٧-٩-١١) بەڵام هیچ یەکێک لەو بزوتنەوە چەکدارییە کوردیانەی سەدەی نۆزدە، خاوەن پەیڕەو و پرۆگرام یان ڕێکخراوی ڕامیاری نەبون،(کەنداڵ و ئەوانی تر،١٩٩٨، ٩٥) نەبونی پارت و ڕێکخراوی ڕامیارییش لەپشتی جوڵانەوەکان، واتە نەبونی پەیڕەو و پرۆگرام، نەبونی پەیڕەو پرۆگرامیش واتە کردارێکی سۆزداریی و کاردانەوەیەکی هەڕەمەکی، بۆیە جوڵانەوەکان سیمای کاردانەوەیان پێوە دیاربو، بێگومان کاردانەوەش بە ئەندازەی کارە سەرەکییە هەنوکەییەکان درێژە دەکێشێت، نەک بەردەوامی بۆ ماوەیەکی زۆر و دروستکردنی کاریگەری درێژخایەن و بنەمای چەسپاو.

هێندێک نوسەر بڕوایان وایە ماوەی نێوان شکستی شێخ عوبەیدوڵڵا تا ساڵی ١٨٩٨، بریتییە لە قۆناغی پاشەکشەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە لە ڕوخساری ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠دا ڕەنگیدابوەوە، بەو پێیەی سوارەی حەمیدییە دڵسۆزی بۆ خەلافەتی ئیسلامیی لە دڵی کوردەکاندا چاند و بو بە کۆسپیش لە ڕێی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ماوەیەکی مێژویی، (عەلی، ٢٠٠٤، ١٧٠) لە هەمان کاتدا چەند تاکێکی دەستەبژێری کوردی دانیشتوی ئەستەنبوڵ، بە گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمەکە، کە ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینی بەخێرایی کاریگەربون، دو لەچوار دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە ساڵی ١٨٨٩ کورد بون، ئەوانیش عبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی بون.(سیف الدین،٢٠٠٩، ١٢٦)

لە ڕوی ڕۆشنبیرییەوە هەر لەگەڵ دامەزراندنی سوارەی حەمیدییەدا، دەستکرا بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، خوێندن لەو قوتابخانانە بە مۆرکی ئاینی و عەسکەریانە تایبەت بو بە کوڕانی سەرخێڵەکانی کورد، هەشت ملیۆن لیرەی خەزێنەی دەوڵەت بۆ دروستکردنی ئەم قوتابخانانە خەرجکرا، ئەمە بایەخێکی سیاسی زۆری هەبو، چونکە پێخوێندنی منداڵانی کورد لە دەستی ئەو سەرگەورانەی تورکدا بو، کە دەمارگیری ئایینی نامۆیان لە دەرونی

قوتابیاندا دەوروژاند، هەروەك لاوانی كورد بە خوێندنی زمان و ئەدەبی توركی لە هەمان قوتابخانەدا، دەكرانە تورك.(جەلیل، ٢٠٠٠، ١٥-١٦)

لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەكی گشتی لەو سەردەمانەدا نەزانین و هەژاریی و نەخۆشیی، سێ دەردی كوشندە بون، باڵیان بە سەر كوردستاندا كێشابو، كوردەكان لە ژێر ئەم بارە نالەبارە دەتلانەوە و قوربانیان گەلێک زۆر بو، بەحسێب نەدەهات، (خەزنەدار ، ١٩٨١، ٥) بۆ نمونە پرۆسەی فێركردن بەشێوەی كلاسیكی بو لە مزگەوتەكاندا، كتێبی زانستە شەرعیەكانی بە زمانی بیانی وەكو عەرەبی و توركی و فارسی تێدا دەگوترانەوە، زمانی كوردی تەنها بۆ لێكدانەوە و شیكردنەوە بەكاردەهات، كۆمەڵێ كەسایەتی زانای كورد لەو كاتەدا دەركەوتن، كە هەوڵیاندەدا دەرچن لە چوارچێوەی ئەم كتێبانە، چونكە هەستیان بە كاریگەرییەكانیان دەكرد، كە ڕێگای فێركردنیان خاڵی بو لە وانەگوتنەوەی هاوچەرخ و زانستی سەردەم، بۆیە داوایان كرد كە ئەم شێوازە لە زانست و زانیاری كۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام حكومەت ویستی نەبو خوێندنگای سەردەمی و زانستی نوێ لەناو كوردەكاندا بڵاوبێتەوە، بۆئەوەی لە نەزانیی و دواكەوتییدا بمێننەوە و بە ئاسانی بە سەریاندا زاڵبێت، هەر بۆیە كوردستان لەم كاتەدا لە بارودۆخێكی سەخت و دژواری كۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و داراییدا بە خراپی گوزەری دەكرد.(توفیق، ٢٠٠٧، ٣٠)

هەر لەو سەروبەندەدا كتێبی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية)ی (یوسف زیاء الدين پاشا الخالیدی) ساڵی ١٨٩٢ دەرچو، ئەمە یەكەمین جۆری كتێبی كوردییە، بەهایەكی گرنگی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی هەبو، دانەری كتێبەكە جەختیشی لەسەر بایەخی خوێندنی زمانی كوردی كردوەتەوە، كە دەبێ بكرێتە كلیل بۆ زیاتر نزیكبونەوە لە گەلی كورد.(جەلیل، ٢٠٠٠، ١٩-٢٠) هەڵبەت لە گرنگترین پێشكەوتنەكانی ئەو سەردەمە بۆ كورد، زیادبونی چاپ و پەخشی كتێب و ڕۆژنامەی كوردی بو، لە پاش دیوانەكەی مەولانا خالیدەوە، كە پێشتر چاپكرابو، هەروەها دوای بڵاوبونەوەی چەند ئینجیلێک بە كوردی و ئەلفوبێیەكی كوردی بە پیتی ئەرمەنی، ئەمانە بە یەكەمین بەرهەمە كوردییەكان لە قەڵەم دەدرێن، پاش كتێبەكەی یوسف زیاء، مەولودی مەلا ئەحمەدی خاسێ لە ١٨٩٩، مەولودی مەلا حسێن باتێ لە ١٩٠٦ (ئەگەرچی بۆ یەكەم جار لەساڵی ١٩٠٣ لەبەرلین چاپكراوە)و ئەلفبای كرمانجی خەلیل خەیاڵی ١٩٠٩ و خوڵاسەی عەقیدەی شێخ عوبەیدوڵڵای ئەفەندی شەمدینانی( نەهری) لەساڵی ١٩١١ و ڕەشبەڵەكا كوردیزادەی احمد ڕەمزی و سەرف و نەحو چەندان كتێب و نوسراوی تر بە كوردی چاپ و بڵاوكرانەوە.(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڵاوكراوەو كتێبە چاپكراوەكانی سەردەمی عوسمانی پێش مەشرۆتیەت و دوای مەشرۆتیەت بڕوانە:( Arslan, 2014, 80-100)

ئەم پەرەسەندنە لەسەر بنەمای هاوچەرخ لەڕوی ڕۆشنبیریەوە، وەكو تەواوی نەتەوەكانی دیكە بەردەوام بو، تا لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨دا، یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی كوردی بەناوی (كردستان) لە قاهیرەی پایەتختی میسر، لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچو، ئەم ڕۆژنامەیە لە كاتێكدا دەرچو، كە لە كوردستاندا ڕاپەڕینێكی دیار بونی نەبو، (قەرەداخی، ٢٠٠٧، ١٦٥) كاتێک سەرهەڵدانی یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی و پەیدابونی كاری چاپكردن بە زمانی كوردی لە كوردستان دەبینین، هەروەها بۆمان ڕون دەبێتەوە چۆن ڕۆژنامەنوسیی بوە هێزێكی كۆمەڵایەتی و كارێكی دیاری كردە سەر گەشەكردنی واقیعی كورد و دیاردە ئایدیۆلۆژی و كۆمەڵایەتییەكانیش ڕەنگیان تێدا دەدایەوە، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٧)گرنگیەكەی بەڕادەیەكە هێندێك توێژەر پێیانوایە:"تاقە ڕوداوی گرنگی سیاسیی و ڕۆشنبیریی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بریتی بوە لە دەركردنی ڕۆژنامەی (كردستان)، چونكە سەرەتایەكی گرنگی بوژاندنەوەی سیاسی و كلتوری كوردە، كە لە دوای ڕاپەڕینە چەكدارییە تێكشكاوەكانی كوردستان، بو بە سەرەتای وەرچەرخانێكی گەورەی ڕۆشنگەریی لە بزاڤی سیاسیی و كەلتوریی كورددا."(عەلی، ٢٠٠٤، ١٧٧-١٧٨)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، گەلێک ڕوداوی گرنگ ڕویاندا لە وڵاتانی دراوسێی کوردستان، وەکو شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ و، مەشروتیەی ئێران لە ساڵی١٩٠٥-١٩٠٦، هەروەها چاکسازی دەستوری لە دەوڵەتی عوسمانییدا لە ساڵی ١٩٠٨، کە ئەمانە هەمویان بەرهەمی ڕوداوەکانی بەر لە خۆیان بون لە سەدەی نۆزدەهەمدا و، میللەتی کوردیش چاوی کرابوەوە و لە مەبەست و ئامانجی ئەو شۆڕشانە گەیشتبو، چۆن سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی میللەتان، هەر تاقمە بۆ خۆی کەوتبوە چالاکی و داوای چاککردن و باشکردنی باری وڵات و ژیانی هاووڵاتیانی خۆیان دەکرد (هاوار، ٢٠٠٦، ٤٧٣)، لێرەدا کوردەکانیش بەردەوام درکیان بە یەکێتیی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەکرد بێ گوێدانە سنوری نێودەوڵەتی، (جەلیل و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٩٩) لەو سەردەمەدا لە تورکیا، کوردەکان دەستیانکرد بە پێکەوەنان و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی، نەک تەنیا بەنهێنی، بەڵکو بەئاشکراش بۆ مەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی شارستانیەت.(خەزنەدار ، ١٩٨١، ٥)

ئەم دۆخە وایکرد کوردەکان کە پێشتر چ وەک ڕوناکبیران و خوێندەوارانی کورد، چ وەک ڕێبەرایەتی میر و شێخەکانی تەریقەت، لە چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دژی عوسمانیی ئامادەبونێکی دیار و بەرچاویان هەبێ و، ڕو بکەنە گەشەدان بەبیری سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردەکانی سنوری عوسمانی، ئەمەش بوە هۆی لەدایکبون و بەرهەمهێنانی دەستەی ڕوناکبیر و خوێندەواری کورد، کە لەو ساڵانە و دواتریشدا ڕۆڵی کاریگەرییان لە دارشتنی بنچینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا گێڕا .(عەلی، ٢٠٠٤، ١٩٠-١٩٦)

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەو ماوەیە جگە لەوەی ماوەیەکی گرنگی پەرەسەندن و دەرکەوتنی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردە، هەر لەو ماوەیەشدا بنچینە و بنەماکانیان لەلایەن دەستەبژێری خوێندەواری تازە پێگەیشتوی کوردەوە دارێژرا، وە پیناوەتە قۆناغێکی نوێ لەمێژوی سیاسیی و ڕۆشنبیریی.

### باسی دوەم : کۆمەڵەی کورد تەعاون تەرەقی و هێڤی

وەک لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی پاش شۆڕشی مەشروتیەت لە ئێران و شۆڕشی ئیتحادییەکان لە تورکیا هاتنە گۆڕێ، بارودۆخێکی ئازادی بۆ نەتەوەکانی تری ئەو دەوڵەتانە ڕەخساند، کە بونی نەتەوەیی خۆیان بسەلمێنن لەلایەک، ئەوەش پاش ئەوەی گرنگترین دروشمەکانی کودەتا، کە بریتیبون لە بەدیهێنانی یەکسانیی و دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی، لە سەرەتادا هەنگاوی زۆر باش نران بۆ چەسپاندنی ئەو دروشمانە، بەم هۆیەوە زەمینە ڕەخسا بۆ پەرەسەندنی چالاکییە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان لە نێو گەلانی دەوڵەتی عوسمانییدا، (زانا، ٢٠٢٤، ٦٩) لەلایەکی تریشەوە پاش هەڵگەڕانەوەی دەسەڵاتدارانی نوێی فارس و تورک لە بەڵێنەکانی خۆیان، توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد و گەلانی تریشیان بەئاگاهێنایەوە، کە دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیا هیچیان بۆ ناکەن و دەبێت خۆیان بەشێوەیەکی دیکە سازبدەن، بەو شێوەیە ژمارەیەک لە ڕێکخراوی نەتەوەیی لەلای نەتەوەکان لەدایکبون، لەناو کوردەکانیش کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کوردی، ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی زانیاری کورد، کۆمەڵەی هێڤی و چەندانی دیکەیان دامەزراند و بڵاوکراوەی سەربەخۆیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی و تورکی بڵاوکردەوە، بۆیە سەرهەڵدانی ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی گەورە بو لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا و ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتیی بو لای توێژی ڕۆشنبیری کورد. (شاوەیس، ١٩٩٩، ١٤-١٥)

باسکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان باسێکی دور و درێژە و ئێجگار ئاڵۆزە، تێکەڵە بە باسی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانیی، کە لە دەرەوە و لە باکوری کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، بێگومان لە سەرەتای سەدەی

بیستەمدا و، بەرلەوەش بۆ ماوەیەک لە سەدەی نۆزدەدا، ئەستەنبۆڵی پایتەختی عوسمانیی شوێنی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد بوە، لەو کوردانەی هەڵدەبژێردران بۆ ئەندامیەتی (مجلس مبعثان) و ئەوانەش کە لەڕێکخراوی ئیتحاد و تەرەقیدا بەنیازی خزمەتی میللەتی کورد بەشدارییان دەکرد، ئەمانە هەمویان لە ئەستەنبوڵ کۆبونەوە و کۆمەڵگەیەکی کوردەوارییان پێکهێنابو، کە جگە لە کوردی باکور، کوردەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش تێکەڵ بوبون بەو کۆمەڵگەیەی کورد لە ئەستەنبۆڵدا، (هاوار، ٢٠٠٦، ٤٩٢-٤٩٣) بۆیە ئەو ڕێکخستنە کوردییانەشی، کە بەهەوڵی ڕۆشنبیرانی کورد و بە کاریگەری هۆشیاری نەتەوەیی دامەزراون، زۆربەیان لە ئەستەبوڵ دروستکراون و دامەزرێنەکانیش بە جیاوازیەکی کەمەوە، ژمارەیەک کەسی دیاریکراوبون. (گوێڵداش، ٢٠١١، ٣٦٦)

١-کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد (کرد تعاون ترقی جمعتی ١٩٠٨): ئەم کۆمەڵەیە لە پاییزی ساڵی١٩٠٨ پێکهێنرا، تا کۆمەڵی جیاجیای ڕۆشنبیرانی کورد لە یەک بۆتەی سیاسییدا یەکبخات و ڕێنوێنیان بکات، بۆیە ڕێخستنێکیان لە ئەستەنبوڵ پێکەوەنا و ناوی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) لێنرا، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٤٦) لە پەیڕەو و پرۆگرامی جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورددا نوسراوە: "ڕۆژی دامەزراندن ١٩ی ئەیلولی ١٣٢٤(١٩٠٨)ە، ناوەندی گشتی کۆمەڵە لە بینایەکی تایبەتدایە لە وەزنجیلەر،"(مالمیسانژ، ٢٠٠٧، ١٥٤) تا ڕابەرایەتی خەباتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی هەمو چین و بەرە و تاقمەکان بکات، چەند یانەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان دروستکرد، لە ماوەی کورتدا چالاکانە کاریان کرد.(قەرەداخی، ٢٠٠٧ ، ١٧٩)

ئەم کۆمەڵەیە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردی ئاشکرابو، کە لەلایەن کۆمەڵێ سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لە ستانبول - ئەستەنبوڵ دامەزرا،(سیف الدین، ٢٠٠٩، ١٢٧)،کە بریتیبون لە ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا (جەلیل و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ١٣٦) و چەندانی دیکە، لە ناوی دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵێکی نوخبەوی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد بون لەو قۆناغەدا، کە گرنگیان بە نەتەوەی کورد دەدا لە کوردستانی تورکیا، بۆ ڕزگاربون لە ژێر میلی زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، (بڕوانە: کرد تعاون و ترقی غزتەسی، عدد ١، ١٣٢٤، ١-٢) کە شێخ عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای بە سەرۆک و ئەحمەد زولکفلی بە جێگر هەڵبژێردراون، بە بەڵگەی ئەوەی، کە وەک تێبینی بۆ ماددەی (٧)ی پەیڕەو: کە لە خوارەوەی ماددەی (٢٧) نوسراوە، دەڵێ: "کۆمەڵەکەمان حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای بە سەرۆک هەڵبژاردوە و موشیر ئەحمەد پاشای زاوا، واتە (داماد)یشی، کە کوڕی حەزرەتی شەهریاری خوا لێخۆشبو ئیسماعیل پاشایە، بە سەرۆکی دوەم دەستنیشان کردوە، مافی سەرۆکایەتی بەشێوەیەکی هەتاهەتایی تایبەتی حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندییە، لە کاتی نەبونی بەڕێزیاندا حەزرەتی موشیر ئەحمەد پاشا بە وەکالەت کارەکانی ڕادەپەڕێنێ."(مالمیسانژ/١، ٢٠٠٧، ١١)

لە دوای پێکهاتنیشی دیبلۆماسی ئینگلیزی لە تورکیا تێلگرافیان ناردوە بۆ باڵیۆزی حکومەتی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ و بەریتانیایان ئاگادارکردبو دەربارەی ئەو کۆمەڵە و لە ئەنجامی ئەوەدا، حکومەتی بەریتانیا تێلگرافی پیرۆزباییان ناردبو بۆ ئەو کۆمەڵە، (هاوار، ٢٠٠٦، ٤٩٨) هەروەها ناوبانگێکی بەربڵاوی لەنێو گەلی کورددا پەیداکرد بو، ڕێکخراوە عەرەبی و ئەرمەنییەکان و بۆرجوازییە نەتەوەییەکانی دیکە ددانیان پێداناوە (جەلیل، ٢٠٠٠، ٤٧)، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە وەکو تەواوی کۆمەڵە ناتورکییەکانی دیکە، تا ١٣ی نیسانی ١٩٠٩ بەردەوام بو، وەلێ لەو ساڵەدا داخرا و ئەندامەکانی لە چالاکی وەستێنران، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی نهێنی دەستیان بە کارەکانیان کرد و بەشێکی گەورەیان چونە ڕیزەکانی کۆمەڵەی (هێڤی)یەوە.(توفیق، ٢٠٠٧، ٩٤)

وێڕای داخرانی یانە کوردییەکان و کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد و ئۆرگانەکەی و کۆمەڵە و بزاڤی کورد نەوەستا، بەڵکو ساڵانێکی دورودرێژ بونە مایەی ئیلهام بەخشین بە بزاڤی نەتەوەی کورد، کۆمەڵە یەکەمین لایەن بو مەسەلەی ڕزگاری کوردانی خستبێتە پێشی پێشەوەی کارەکانی.(جەلیل، ٢٠٠٠، ٥٨-٥٩)

٢-کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٢:کۆمەڵەی (هێڤی) بە دوەمین ڕێکخراوی سیاسیی هەژماردەکرێت، بەجۆرێک لە سەرجەم کۆمەڵە کوردییەکانی دیکە چالاکتر بو،(شریف، ١٩٨٩، ٣٨) سەرەتا خەلیل خەیاڵی مۆتەکی و د.شوکری محەمەد سەگبان هەوڵیان بۆ پەرەپێدانی هەست و بۆچونی نەتەوەیی لەناو خوێندکارانی کورد لە ئەستەنبوڵ داوە، بەتایبەتی خەلیل خەیاڵی خوێندکارانی هانداوە بۆ ئەوەی (هێڤی) دابمەزرێنن، د.شوکری محەمەد سەگبانیش لە دوای دامەزراندنی هێڤی، یارمەتی دارایی ئەو ڕێکخراوەی داوە، بەڵام کۆمەڵەی هێڤی لەلایەن (قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی) و عومەر جەمیل پاشا و فواد تەمۆی کوڕی تەوفیق بەگی نوێنەری وان و جەراحزادە زەکی دیاربەکری) دامەزراوە، لە ساڵی ١٩١٢دا بە شێوەی فەرمی مۆڵەت لە حکومەت وەردەگرن و دامەزراندنی هێڤی ڕادەگەیەنن، ئەوکاتانە عومەر جەمیل پاشا وەکو بەرپرسی یەکەمی هێڤی هەڵبژێراوە. (مالمیسانژ/١، ٢٠٠٨، ٩٢-٩٧)

سەرچاوەکان کە باسی (هێڤی)یان کردوە هێندێ جیاوازی لە بۆچونەکانیاندا دەبیندرێت، دوای ئەوەی ئیتحاد و تەرەقی بون بە دەسەڵاتدار و بەهێزبون و لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبونەوە بەرانبەر بە کورد و کوردستان تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی و کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کورد و لقەکانی ئەو کۆمەڵەیان لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، وەکو بەدلیس قەدەغەکردن و داخستن، ئیتر کورد بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئەستەنبۆڵدا، بەنهێنی کەوتە خۆ و دەستیکرد بە چالاکی نواندن، لەساڵی ١٩١٠ قوتابییە کوردەکانی ناو قوتابخانەی کشتوکاڵی لە ئەستەنبوڵ، بەنهێنی کۆمەڵەی هێڤی کوردیان دامەزراند (هاوار، ٢٠٠٦، ٥٠٤-٥٠٥) و مۆڵەتی فەرمیان لە تەموزی ١٩١٢، لە حکومەت وەرگرت و دەستیانکرد بە چالاکیەکانیان، لە ٢٧ی تەموزی ١٩١٢وە، ناوەندی خۆیان کردەوە و بە ئاشکرا دەستیان بە کارەکانیان کرد، (توفیق، ٢٠٠٧، ٩٦-٩٧)کە ژمارەیەکی زۆر ناوداری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد نەخشێکی دیاریان تێدا هەبو، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٧٦) لە بەرواری دامەزراندنیشیەوە هەمو ساڵێک کۆنگرەی دەبەست و ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی هەڵدەبژارد و سەبارەت بەکار و چالاکییەکانی داهاتوش بڕیاری وەردەگرت. (مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٤١)

هێڤی بە پێچەوانەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردەوە، توانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا پەرە بە چالاکییەکانی بدات، لەدەرەوەی وڵاتیش لە لۆزان و جنێف و میونخ لقی کردۆتەوە، (مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٩٢-١٩٨) لقەکانی هێڤی لە بەدلیس و ئەرزڕۆم و شارانی دیکە کەوتنە کار، بەڵام لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئیشی خۆی وەستاند، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٧٥) چونکە زۆرێک لە ئەندام و دەستە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە شەڕدابون، بەڵام دوای تەواوبونی شەڕ دەستیانکردەوە بەکارەکانیان، ئەمجارەیان لەلایەن کەمالییەکانەوە کار و چالاکی کۆمەڵەکەیان وەک مەترسییەک بۆ سەر خۆیان وەستاند، بەڵام کۆمەڵەی هێڤی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئەدەبی کوردیدا گێڕا، یەکەمجار بو کۆمەڵەیەکی وا کاریگەر و ئەکتیف دابمەزرێت، کە کار بکاتە سەر زۆر لایەن و بوژانەوەیەکی فکری و مەعریفی و سیاسی دروست بکات.(ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ١١).

### باسی سێیەم:بیری ڕۆشنبیری لە پرۆگرام و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کورد و هێڤیدا

کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لەڕوی ڕۆشنبیرییەوە کاری جددییان کردوە، کۆمەڵەی کورد تەعاون تەرەقی وەک یەکەمین ڕێکخراوی ئاشکرا و مۆڵەت پێدراو، بەرنامەیەکی دیاریکراوی دارشت بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچە کوردنشینەکان و دانانان بە زمانی کوردیدا و ڕۆژنامەیەکیان دەرکردوە و تێیدا بە وردی کاریان لەسەر هۆشیارکردنەوە و بە ئاگاهێنانی تاکی

کورد کردوە، هەروەک ڕێکخراوی نەشری مەعاریفی دامەزراند و قوتابخانەی لە ئەستەنبوڵ کردۆتەوە، پاشان (هێڤی) درێژەی بەو بزاڤە ڕۆشنبیریی و کلتورییە داوە.

بیرمەندانی کورد گەلێک بڵاوکراوەیان بڵاودەکردەوە، کە زۆربەیان هەم بە زمانی کوردی و هەم زمانی تورکی عوسمانیی بون، تێیاندا کۆمەڵێک وتاریان دەربارەی تەوەرگەلی جۆراوجۆر لە ڕۆڵی ئاین لەناو کۆمەڵگە و پێشکەوتنە زانستییەکان و مێژو و ئەدەبیات و سیاسەت ڕوداوگەلی ڕۆژ و ناسیۆنالیزم، پەروەردە، چاکسازی لە زمان تاوتوێ دەکرد و دەنوسی، (بروینسێن و ئەوانی تر، ٢٠١٢، ١٠٤) لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقیدا کە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە بوە، بانگەوازێک بە ڕۆشنبیرانی قەڵەم بە دەستدانی کورد بەرچاو دەکەوێ، لەوێدا لقەکانی ئەم ڕێکخراوە لە شوێنە جیاوازەکاندا، بە یەکەم شوێنی گەشەکردنی زانست و کەلتوری کوردی لە قەڵەم دەدات، (کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤، ژمارە١، ١-٢)،گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یش بەرگی سێ ژمارەی سەرەتای بە وێنەی ناودارانی مێژوی کورد ڕازاندوەتەوە، (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ١٠٩-١١١)، بۆیە بە تێکرا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە بۆ ڕۆشنبیریی گەلی کورد، وەک لێرەوە ئاماژەی پێدەدەین:

کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی: کاری ئەم کۆمەڵەیە یەکجار فراوان و فرەڕەهەندبوە، دەربارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە پەیڕەوی کۆمەڵە ئەوە دەردەکەوێت، ئەم ڕێکخراوە بایەخی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی داوە، بۆ نمونە لە ماددەی (١١)ی پەیڕەوی کورد تەعاون تەرەقیدا هاتوە:"کۆمەڵە بۆ خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی، هەوڵی نوسین و چاپکردنی ڕێزمانی کوردی، سەرف و نەحوی کوردی، فەرهەنگی کوردی، کتێبی دینی کوردی دەدات، لەو بارەیەوە نوسەرانیش هاندەدات و هاوکارییان دەکات، ئەوانەی کە باشترین بەرهەمی کوردی بنوسن، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی گشتی، ڕێزیان لێدەگیرێ و پاداشتیان پێدەبەخشرێ"، هەروەک مادەی(١٢) دەڵێت:"کۆمەڵە سەردانی وەزارەتی مەعاریف دەکات و هەوڵی وەرگرتنی مۆڵەت دەدات، بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، کۆتایی و خوێندنی بەرز بە زمانی کوردی لە شوێنە جیاوازەکان، ئەو شوێنانەی کە وەزارەتی مەعاریف پێینەکرا، کۆمەڵە بە هیممەت و کۆششی خۆی هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی قوتابخانەیان تێدا دابمەزرێت،" لە ماددەی (١٤)شدا هاتوە: "هەوڵی کۆکردنەوە و چاپکردنەوەی هەمو بەرهەمە بە سودە کوردییەکان دەدات، (چ ئەوانەی چاپکراون، چ ئەوانەشی کە پێشتر چاپ نەکراون) و بایەخدەدات بە بڵاوکردنەوەی ئەمانە و نوسینی مێژویەکی ئەدەبیاتی کوردی، "جگە لەوەی پێشتر لە ماددەی (٢)یشدا هاتوە:"...تێکۆشان بۆ بڵاوکردنەوەی کلتور و زانست و پەرەپێدانی پیشەسازی و بازرگانی کشتوکاڵیش بە کارێکی گرنگ دەزانێ...".(نظامنامەسی، ١٩١٩، ٣، ٥، ٦) ئەم ماددانە بەڵگەی ڕونن لەسەر گرنگیدانی سەرەکی کۆمەڵەکە بە بواری ڕۆشنبیریی و فێرکردن سوربونی خۆی لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی.

لە بەکردارەکیکردنی پەیڕەو و پرۆگرامدا ئامانجە سەرەکییەکانی کومەڵەی تەعاون تەرەقی بریتی بو لە بڵاوکردنەوەی زانست و گەشەپێدانی بوارەکانی پیشەسازیی و بازرگانیی و کشتوکاڵ، لە بەیانێکدا دیاریدەخات کە کۆمەڵە ئامانجی ئەوەیە ئارامیی و ئاسایش لەناو گەلی کورد بەدیبهێنێت، کاردەکات لە پێناو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکردنی کتێبی ئەدەبی و مێژوی کورد و دروستکردنی مزگەوت و کردنەوەی قوتابخانە و کارکردن لەپێناو بونی ئەندامی هەمیشەیی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران.(توفیق، ٢٠٠٧، ٩٣) لێرەدا دەردەکەوێت کۆمەڵەکە سەرەتا ئارامی و ئاسایشی کوردستان بەگرنگ دەزانێت تاکو بەرنامەکانی دیکەی جێبەجێبکات، بۆیە بە یەکەم ئامانج ئاماژەی پێداوە، پاشان بۆ هۆشیاریی گشتی ئامانجیەتی ڕۆژنامە و گۆڤار، وەکو هۆکاری ڕاگەیاندنی سەردەمی ئەوسا چاپ بکات، ئینجا دروستکردنی مزگەوت بۆ بایەخدان بە بیر و باوەڕ و ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، پاشان کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی، کە ئامانج و هەوڵێکی یەکجار گرنگە شانبەشانی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ ڕۆشنبیرکردن و خوێندەوارکردنی نەتەوەیەکی

نەخوێندەوار و خێڵەکی و کشتوکاڵی لەو سەردەمدا، لە کۆتاییشدا دەچێتە ناو بوارە سیاسییەکە و ئامانجیەتی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئەندامی هەبێت، وەک ئەوەی پێمانبڵێن ئامانجەکان لە کۆتاییدا بۆ خزمەتی بوارە سیاسیەکەن، کە لەوێوە مافە نەتەوەییەکان دابین دەکرێن و بەدەستدێن، ئەمەش پێویستی بە هۆشیاریی ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی هەیە، کە بەم پلەبەندییەی ئاماژەی بۆ کردوە دێتەدی.

تەعاون تەرەقی کورد لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری بە ناوی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی کورد (نەشری مەعارف جەمعیەتی) دامەزراند، (عەلی، ٢٠١٠، ١٩٦) کە بریتیبو لە ڕێکخراوێکی ئەدەبی و پەروەردەکردن، پەیڕەو و پرۆگرامێک دانرا بۆ ئەو ڕێکخراوە، کە بریتیبو لە (١٥) مادده، هەروەک قوتابخانەیەکیشی کردەوە بە کوردی لە گەڕەکی (چەمبەرلی تاش)، کە خەلیل خەیاڵی کرا بەلێپرسراوی، بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە ئەستەنبوڵ فێربکرێن، (هاوار، ٢٠٠٦، ٤٩٩) بەڵام هێندێ مێژونوس دەڵێن: قوتابخانەکە عەبدوڕەحمان بەدرخان بەڕێوەیبردوە، ئەم ڕێکخراوە سەر بە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد بو، بە ناوی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی. (عەلی، ٢٠٠٤، ١٨٨-١٨٩)

هەمو سەرچاوەکانیش کۆکن، کە لەگەڵ داخرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی لە ساڵی ١٩٠٩، ئەم ڕێکخراوە و قوتابخانەکەشی لەلایەن ئیتحادییەکانەوە داخران، چونکە وەکو ڕێکخراوێکی تایبەتی کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی بوە و کارەکانی بەشێک بون لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە نەک کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ، کە هەندێک جار بەو شێوەیە ناوی دەهێنرێت.

سەبارەت بە گۆڤارەکەی واتە گۆڤاری کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی، ئۆرگانی کۆمەڵەی (کوردتەعاون و تەرەقی جەمیەتی) بوە، هەمو سەرچاوەکان بە ڕۆژنامە ناویان بردوە، بێجگە لە (ڕۆبەرت ئۆڵسۆن) بە گۆڤار ناویبردوە، دەربارەی ناوی ڕۆژنامەکە و لێپرسراوی ڕۆژنامەکەش چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە، جەمشید حەیدەری و کەمال مەزهەر و لازاریف و جەلیلی جەلیل و کریس کۆچێرا، هەموبان ڕۆژنامەکەیان بە (کورد تەعاون و تەرەقی گازیتەسی) ناوبردوە، جەمشید حەیدەری گوتویەتی: خاوەنەکەی شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد بوە، بەڵام سەرچاوەکانی تر وەکو عەلائەدین سوجادی گوتویانە: ڕۆژنامەکە ئیمتیازەکەی بە ناوی پیرەمێرد بوە، جەمال خەزنەدار گوتویەتی: ڕۆژنامەی کورد لە لایەن هاوبیرانی شێخ عەبدولقادری شەمزینییەوە دەرچوە، پیرەمێرد خۆی لەوبارەوە گوتویەتی:"نۆبەرەی غەزەتەمان لە ئەستەنبوڵ، غەزەتەی (کورد) بو، کە ئیمتیازەکەی بەرمن کەوت". (هاوار، ٢٠٠٦، ٥١٨-٥١٩) بەڵام بە ڕوانین لە خودی غەزەتەکە دەردەکەوێت، کە گۆڤارێک بوە بەناوی " کرد تعاون و ترقی غەزتسی"، کە پیرەمێردی شاعیر وەک خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەر، احمد جمیل دیاربەکری وەک بەڕێوەبەری نوسین لەلایەن کۆمەڵەوە دیارکراون و لە چاپخانەی سلانیک لە ئەستەنبوڵ چاپکراوە.(کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بۆچونە جیاوازەکان بڕوانە: توفیق، ٢٠٠٤، ١٤٨)

ئەو گۆڤارە یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی ئاشکراو بەرفراوان بو، کە لە بیروبۆچون و باس و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، کەلتور و فەرهەنگ و یەکێتی کورد بدوێت، لەناو کوردە ئاوارەکانی ئەستەنبوڵدا زۆر پەسەند و دڵگیربو. (کەنداڵ و ئەوانی تر،١٩٩٨، ٩٥) هەرچەندە زانیارییەکی زۆر کەم و ناڕاست لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا دەربارەی هەیە، بەڵام ئەو وتارانەی تێیدا بڵاوبونەتەوە، هەندێ نوسەر لە باسەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردون و شتیان لێوەرگرتون، (هاوار، ٢٠٠٦، ٥٢٢) ژمارە بەردەستەکانیشی ئەم گۆڤارە کە خۆی لە (٩) ژمارەدا دەبینێتەوە، ژمارەی (١) لە ٢٢ی تشرینی دوەمی ١٩٠٨ بەرانبەر ١١ی ذي العقدة ١٣٢٦ و ژمارەی کۆتایی کە ٩ یە لە ١٧ی کانونی دوەمی ١٩٠٩ بەرانبەر ٨ محرم ١٣٢٧ دەرچوە، بە کۆی گشتی نزیکەی ( ٨٧) لاپەڕەیە، تێدا بابەت و نوسینەکانی کوردی باکور و باشوریش بڵاوکراونەتەوە،

بەواتایەکی تر یەکەم گۆڤارە، کە بابەتی کوردی باشوری بڵاوکردۆتەوە. (بڕوانە: کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤، نومروکانی ١-٩)

گوتارە ڕۆشنبیرییەکان، پانتایەکی زیاتریان لە لاپەڕەکانیدا گرتوە، ئەو گوتارنوسانەیش چەندین پێشەوای ناوداری بزاڤی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد بون، وەک سەعید کوردی (نورسی) و ئیسماعیل حەقی بابان زادە و ئەوانی دیکە، سەعید کوردی وەک یەکەم کەس،کە وتاری بەزمانی کوردی لەژمارە یەکی گۆڤارەکەدا نوسیوە، لەو وتارەدا کە لە ژمارە دودا بڵاوکراوەتەوە پرسیارێکی کردوە و نوسیویەتی: ((کوردان چیان گەرەکە؟)) بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: کە "ئەوەتا پازدە ساڵ تێپەڕیوە من بیر لەو پرسیارە دەکەمەوە و هیچ دەروپەکم نەدیوەتەوە لەو دو بیرە بەدەر کە چارەنوسی کوردستان زامن دەکەن: ١-یەکێتییەکی نیشتمانیی. ٢- پێویستە سەرباری زانینی زانستە ئاینییەکان، پەرە بەزانست و هونەری پێویستی شارستانیەتی بدەین"، (کردی، کرد تعاون و ترقی غزتەسی،١٣٢٤، نومرو٢، ١٣) هەروەها ئیسماعیل حەقی بابان لە گۆڤارەکەدا تەنها دەربارەی سیاسەت نەدواوە، بەڵکو باسی دانانی بناغەیەکی زانیارییانەی کردوە، بۆ پەرەپێدان بە زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی و بایەخدان بە ئەدەبی فۆلکلۆریی و ئەفسانە، چونکە پێیوابوە بایەخدان بە زمانی کوردی و پەرەپێدانی زانیاریی دەربارەی زمانی کوردی، دەبێتە هۆی پێشکەوتنیان، بە نمونە لە ژمارە (٣)ی گۆڤارەکەدا، بابەتێکی بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا نوسیویەتی، پێویستە منداڵی کورد فێری زمانی دایکی خۆی بکرێت، با منداڵێکی کورد بە نمونە بهێنینەوە، خۆ لە گوندەکەی ئەم منداڵەدا تەنیا بە زمانی کوردی زگماگ قسەدەکەن، ئەگەر قوتابخانەیەکی تورکی لەو گوندەدا بکرێتەوە، ئەوا منداڵەکە هەنگاوبەهەنگاو بە زمانی تورکی دەست بە خوێندنی هەمو شتێک دەکات، گریمان منداڵەکە لە پاشەڕۆژدا خوێندنی تەواو کرد، ئەگەر زیرەک بێ لەم جۆرە خوێندنەدا، خوێندەواریی خۆی زیاددەکات، بەڵام چەند ساڵێکی ئازیز و گرانبەهای ژیانی لەدەستدەدات، ئەگەر ئەم منداڵە جۆرەها کتێبی زانستی بە زمانی خۆی لە بەردەستدا بێ، ئەوا خوێندنەکەی بە زمانی کوردی دەبێ. (بابان،کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤، نومرو٣،١٨- ١٩)گوتارەکەی ئیسماعیل حەقی تەنها مۆرکێکی سیاسی پڕوپاگەندە ئامێز نییە، بەڵکو بنچینە زانستییەکانی چاکردنی پەرەپێدانی زمانی ئەدەبی کوردی تێدا بەرچاوخستوە، پێشنیاری کردوە ئەدەبی میللی و ئەفسانە کۆنەکانی گەل و مێژویش بە زمانی دایک بنوسرێنەوە، ئاماژەی بەوەش داوە کە پەرەپێدانی زمان ڕێگە لە بەردەم گەشەکردنماندا دەکاتەوە، سەرەنجام پێخوێندن نەتەوەکەمان ڕزگار دەکات، چونکە کلیلی خوێندەواری زمانە، دەبێت دەرگاکانی شارستانیەتیش بەو کلیلە بکرێنەوە، هەروەها بایەخی حاشا هەڵنەگری ئەم کێشەیەی دەرخستوە و گوتویەتی: "من سەرنجی خەڵکانی بەهرەمەندی میللەتەکەمان بۆ ئەو مەسەلە ناچارییە گرنگە ڕادەکێشم، تکایان لێدەکەم هەر ئێستا دەستپێشخەری و سەروکاری ئەم کێشەیە بکەن". (بابان،کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو٣،١٩)

لە نوسینێکدا بە ناونیشانی (بابەتەکانی شارستانی کتێبخانەکان)، مەزهەری مەزهەرزادە بۆ یەکەمجار لەژمارە (٦)ی گۆڤاری غزتەسیدا بابەتێکی گرنگی ڕۆشنبیریی دەوروژێنێت و داوای کردنەوەی کتێبخانە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، گەشەسەندن و بەهێزبونی وڵاتێک پەیوەندی بە ئاستی کلتور و هێز و کاریگەری ژێرخانی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و فکریی و ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە، کە بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی تێدا پێکدێنن، ئینگلیزەکان کە ئەمڕۆ بە گەورەیی کاریگەری خۆیانەوە دنیا بە مەیدانی گەمەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن، نمونەیەکی بەرچاوی ئەم بەهێزبونی فیکری و پتەوبونی ئیرادەیەن،بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی پێگەی خەڵکەکەی تر و دراوسێکانمان و پێبەپێی شارستانی پێش بکەوین و وەزعی جارانی خۆمان لەنێو دەوڵەتانی دنیادا پەیدابکەینەوە، پێویستە لە ڕێگەی گەشەسەندن و کاریگەربوندا هەنگاوەکانمان سوکتر هەڵبگرین، بۆ باشترکردنی بارودۆخیش تەنیا قوتابخانەکان بەس نین، دەبێ هەر لە سەرەتاوە و لە

کاتی دروستکردنی قوتابخانەکاندا، کتێبخانەش دروست بکەین.(مظهر، كرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤، نومرو ٦، ٤٥-٤٦)

تەعاون و تەرەقی کورد پێیانوابو، ئەرکی سەرەکییان ئیشکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە نێو دانیشتوانی کورددا، بۆیە کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانینی کوردیان دامەزراندوە، (جەلیل، ٢٠٠٠، ٥٦) کە لە ماددەی یەکی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتوە: "بە ئامانجی بڵاوکردنەوە و خوێندنی زمان و مێژو و جوگرافیا و لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کورد دامەزراوە، ناوی ئەم کۆمەڵە (جمعية نشر المعارف والمطبعات الكوردية)یە، ناوەندەکەی لە ئەستەنبوڵە."(شریف، ١٩٨٩، ٣٥)کۆمەڵەکە یەکەم قوتابخانەی کوردییان لە ئەستەنبوڵ بەناوی (کرد نمونه ابتدائیسی -مەشروتییە) واتە (سەرەتایی نمونەیی کوردی- دەستوری) دامەزراندوە، (سیف الدين، ٢٠٠٩، ١٥٣) چونکە بایەخێکی زۆریان دابو بە بڵاوبونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی لەناو کورددا و، ئەرکی چاپکردنی کتێبی کوردیان گرتبوە ئەستۆی خۆیان، خەلیل خەیاڵی مۆتکی ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، لە ئەستەنبوڵ بە پارەی ئابونە و باربوی کوردەکان بەڕێوەدەچو، کە لە ناوچەی (دیوان یۆلو) لە جادەی (حاجی پاشا) دەردەچو، لە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەکەدا عەبدوڕەحمان بەدرخان (٣٠) لیرەی دا و بەڵێنیشیدا هەمو مانگێک ئابونەی خۆی بدات، پرۆگرامی گوتنەوەی دەرسەکان لە قوتابخانەکەیاندا، وەکو پرۆگرامی قوتابخانەکانی تر وابوە، لە سەرەتادا (٣٠) منداڵی کورد دەرسیان تێدا خوێندوە و لە دواییدا ژمارەیان زۆر بوە، لە شوێنەکانی دەرەوەی ئەستەمبوڵیش، هەوڵدرا قوتابخانەی لەو جۆرە بکرێتەوە، (هاوار، ٢٠٠٦، ٥٠٢)کردنەوەکەشی بە ڕوداوێکی گرنگی ژیانی کوردانی ئەستەنبوڵ دانرا، هەروەک لە بەرنامەیدا خوازیار بو لە کوردستانیش قوتابخانە بکرێتەوە، بەڵام ئەمە گەلێک دژواری لە قوتابخانەکردنەوەی نێو ئەستەنبوڵ گەورەتریشی توش دەهات، کێشەکە ئەوە نەبو پایتەخت سەرپەرشتی قوتابخانە دروستکردن بکات لە کوردستان، بەڵکو کێشەی سەرەکی دابینکردنی ژمارەی گونجاوی مامۆستا بو بۆ ئەم قوتابخانانە.(جەلیل، ٢٠٠٠، ٥٧)

هەروەها بە ڕوانین، لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری کرد تەعاون و تەرەقی بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆڵێکی گەورەی لەبواری ئەدەبیشدا هەبوە و لەزۆربەی ژمارەکانیدا هۆنراوەی شاعیرانی تێدا بڵاوکراوەتەوە وەک بابەتی ڕۆشنبیری لەپێناو برەودان بەو خەباتە و گەشەسەندنی ئەو بوارە، بەمەبەستی فراوانکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی هۆنراوەی شاعیرانی کورد.(بروانە:کرد تعاون و ترقی غزتەسی)

لای خۆیەوە هێڤیش، زیاتر کار و چالاکی کلتوریی ئەنجامداوە، گرنگیشی بەفێربون و خوێندن داوە، لە بڵاوکراوەکانی هێڤیدا بەردەوام تەئکید لەسەر مەسەلەی نەزانی کوردان کراوەتەوە، باسی ئەوە کراوە ،کە هێڤی بۆ نەهێشتنی نەزانیی و کوێرەوەریی کورد کاردەکات، (مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ٧٦) هەروەك لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و بایەخدان بە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بو، هەوڵی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کلتوری کوردی دەدا، بۆ ئەمە چەند شارەزایەکی ڕاسپاردوە کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بنوسنەوە و شێوە نوسینێکی ئەلف و بێ، بۆ زمانی کوردی دابنێن.(عەلی، ٢٠٠٤، ١٩٠-١٩١)

لەبواری ڕۆژنامەگەریدا (هێڤی) ساڵی ١٩١٣ گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (یەکبون) و لە ساڵی ١٩١٣-١٩١٤ گۆڤاری (هەتاوی کورد)ی دەرکردوە، (بروانە: ڕۆژ کرد، هەتاوی کرد)کە بەشێک لە توێژەران و مێژونوسان و کوردناسان دەربارەیان دواون و هێندێکیان بە ڕۆژنامە و هێندێکیشیان بە گۆڤار ناویانبردون. (خەزنەدار ، ١٩٨١، ٧-٨) بابەتە سەرەکییەکانی (ڕۆژی کورد) بریتی بون لە لێکۆڵینەوەی کێشەی کلتوری و ڕۆشنگەرییەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی،(جەلیل، ٢٠٠٠، ٨١)،ژمارەکانی لە ئەستەنبوڵەوە دەگەیشتنە کوردستان و بڵاودەکرانەوە، بەمەدا دەردەکەوێت چالاکییەکانی کۆمەڵەی هێڤی بە پێچەوانەی کۆمەڵەی کورد تەعاون تەرەقی، کە هەر لە ئەستەنبوڵدا بوە، گەیشتبوە ناوچەکانی کوردستانیش، (هاوار، ٢٠٠٦، ٥٢٦) و وێنەیەکی ڕون و ئاشکرای پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و

سیاسی دوا بە دوای جوڵانەوەی ساڵی ١٩٠٨دا تورکیای لاوی خستۆتە پێش چاو، کارێکی کردوە تێگەیشتن لە بیروڕای ناودارانی کورد ئاسان بێت.(جەلیل، ٢٠٠٠، ٧)

هەریەک لە (ڕۆژی کورد) و (یەکبون) بەشی هەرە زۆری لاپەڕەکانیان، بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و زمان و ژیانی ڕوناکبیری و فۆلکلۆری کوردی و... هتد تەرخان کردبو، (عەلی، ٢٠٠٤، ١٩١) (ڕۆژی کورد) بە پێچەوانەی ڕۆژنامە نەتەوەییە شۆڤێنییە باوەکان، کە ستایشێکی پڕ زێدەڕۆیی بێ پەردەی هەمو شتێکی نەتەوەییان دەکرد، ڕاستیە بەرچاوەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی کورد بەکاردەهێنا، تەنانەت هەندێک کات دەکەوتە زەقکردنەوەی دواکەوتویی کورد، بۆ نمونە لە سەرگوتاری ژمارە یەکیدا لەژێر ناونیشانی(ئامانجی ڕێگادا) نوسیویەتی: "پێویستە دانیپێدابنێین کە کوردەکان ماوەیەکە لە شارستانیەت دابڕاون، ئەوانە ئێستا لە زانست و ڕۆشنبیرییەوە دورن و لە زانست و زانین بێ بەشن...کورد ئێستا- پێش هەمو شتێک- درکیان بە نەخوێندەواریی خۆیان کردوە و بەڕونی پێیانوایە پێویستیان بە خوێندەواریی هەیە". (ڕۆژ کرد، ١٣٢٩ / ١٩١٣،ژمارە١، ٢-٣)

دیارە لە (ڕۆژی کورد)دا و بەشە تورکیەکەی زیاتر باسکردنە لە مێژو و ناساندنی کورد، بۆ نمونە لە لاپەڕە چواری ژمارە (٣)دا باس لە ژیانی ناودار حسێن کەنعان پاشا (بەدرخانی حوسێن پاشا) دەکات، کە لە سەرەتاشەوە وێنەکەی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە بابەتێکی دیکەدا بە ناوی سەلاحەدینی ئەیوبی لە لاپەڕە (١٠-١٤)ی گۆڤارەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەم شێوەیە بابەتە تورکییەکان کە بە زمانی تورکی بڵاوکراونەتەوە، باسکردنە لە مێژو و کەسایەتییە کوردەکان، هەروەک لە ژمارەکانی پێشوشدا بە هەمان شێوە، گرنگی زۆر دراوە بە مێژو و مێژوی ناودارانی کورد، وەک لە ژمارە (١)یدا لە لاپەڕەی یەکەمدا وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها باس لە کورد و کۆمەڵەی هێڤی دەکات، هەروەک لە ژمارە دو دا وێنەی بەرگی یەکەم لاپەڕە کەریم خانی زەندە.(بڕوانە: ڕوژ کرد، ١٩١٣، ژ ١، ٢، ٣)

بەڕێوەبەرایەتی هێڤی گرنگییەکی زۆری بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی داوە، لە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد) و (یەکبون) و (هەتاوی کورد)دا لەسەر ئەو مەسەلەیە بابەتیان بڵاوکردوەتەوە، تەنانەت بە زمانی کوردیش بابەتیان نوسیوە، هەندێک لە ژمارەکانیاندا جاروبار بابەتی وەرگێڕانیش چاپکراوە، لە بەیاننامەی (هێڤی)شدا ئاماژە بەگرنگی زمان دراوە، کە نابێ زمانی نەتەوەیەک نیوە و ناتەواو بێت، نەتەوەیەکی وەها قەت فێری زانست نابێت و کولتورەکەی پێشناکەوێت، لەبەرئەوەش یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەمان پێشخستنی زمانی کوردییە، بە شێوەیەک کە کورد لە هەمو شوێنێکی وڵاتەکەیدا پێیبخوێنێت و بنوسێت و بەو جۆرەش فێری زانست ببێت و کلتورەکەی پێشبخات.(مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٤٢-١٤٣)

لەم چوارچێوەیەدا خەلیل خەیاڵی لەژێر ناوی (خ.مودانی) لە بابەتێکدا کە لە ژمارە (٢)ی ڕۆژی کورددا، بە زمانی کوردی بڵاویکردوەتەوە، تەئکیددەکاتەوە لەوەی نازانێ حیکمەتی ئەوە چییە کە مەلا و خوێندەوارانی کورد، بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی شت دەنوسن، هەر جۆرە پاساوێکی ئەوکارەش بە شتی پڕوپوچ لە قەڵەم دەدات، ڕەخنەی توندی لە ڕوناکبیرانی کورد گرتوە و گوتویەتی، هەمو نەتەوەکانی جیهان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و بەو زمانەش کتێب دەنوسن و لە قوتابخانەکانیشدا منداڵانی خۆیان فێری شت دەکەن، کەسێکیشیان لێدەرنەکەوتوە بڵێت: "زمانەکەی خۆم سەختە"، با بە زمانێکی دیکە بنوسم و بخوێنم، بەو جۆرەش خاوەندارێتیان لە زمان و نەتەوەی خۆیان کردوە، بەڵام ئەمانەی ئێمە بێغیرەت و بێهیممەتن و کاری وەها ناکەن.(مودانی، ڕۆژ کرد، ١٣٢٩، ٢٩-٣٠) لە وتاری (ڕێگای یەکگرتن)یشدا هاتوە: "کوردەکان دەیانەوێ زمان و مێژوی خۆیان بنوسنەوە و زیاتر لە کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان تێبگەن و بە دەوروبەریشی بناسێنن".(جەودەت/١،ڕۆژ کرد،١٣٢٩/ ١٩١٣،ژ٢، ٨-١٠)

بڵاوکراوەکانی هێڤی،کە خۆی لەهەردو گۆڤاری (ڕۆژی کورد)و (هەتاوی کورد)دا دەبینیەوە لە سەرەتاوە مەسەلەی هێنانە کایەی ئەلفوبێیەکی گونجاوی کوردیان لە ئەرکە پێشینییەکانی خۆیان داناوە، کە لەسەر ڕوپەڕی چەند ژمارەیەکدا بۆ یەکەم جار ئەم ئەلفوبێیە بڵاوکراوەتەوە، لەهەمان کاتیشدا بانگەشەیەکی ڕون و ڕەوان لەسەر لاپەڕەکانیان هاتۆتە ئاراوە، کە ئەلفوبێی عەرەبی لابرێ لە باتی ئەلفوبێی لاتینی بەکاربهێنرێت، ئەویش لەبەرئەوەی لەگەڵ زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەرامبەر بەمەش چەند بیروڕایەکی دی هاتونەتە ئاراوە، کە بانگەشەیان بۆ نوسینی زمانی کوردی کردوە بە پیتی عەرەبی، بەڵام بە مەرجی باشکردنی سیستەمەکە بۆ ئەوەی گونجاوتربێت و گوزارشت لە دەنگە ڕاستەقینەکانی زمانی کوردی بکات، تەنانەت بۆ بە دواداچونی ئەم مەسەلەیە، لەوەدەچێ کۆمەڵەی هێڤی هەستابێت بە دامەزراندنی بەشێک، یان کۆمەڵەیەکی بچوک بە ناوی (گشتاندنی خوێندەواری و چاکسازی پیتەکان).(ڕۆژ کرد، ١٣٢٩ /١٩١٣، ژ٢، ١٢-١٦؛ تۆفیق، ٢٠٠٩، ٣٥)

نەبونی ئەم نوسینە لەمپەرێکی سەر ڕێی گەشەکردنی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بو، دارشتنی نوسینێکی کوردی لە ڕوانگەی بایەخپێدان و بڵاوکردنەوەی خوێندەوارییەوە گرنگ بو، ناودارانی کورد لەبەر ئەم هۆیە زۆر گورج و گۆڵانە کێشەیەکی وایان لەسەر ڕوپەڕی (ڕۆژی کورد) بەرچاوخستوە، عەبدولرەزاق بەدرخان نوسیویەتی ئالفوبێیەکی پڕبەپڕی هەڵکەوتەی زمانی کوردی نییە، مەسعود سلێمانیش ڕاستەوخۆ گوتارێکی لە یەکەم ژمارەی (ڕۆژی کورد)دا بەناونیشانی (پیتەکانمان بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەیان)ەوە نوسیوە و گوتویەتی: "پێویستە تەماشای ئەلفوبێی کوردی بەکارهێنراو بکرێت" و پێی لەسەر ئەوە دا گرتوە نوسینی پڕ گرێ و گۆڵ، هۆیەکی سەرەکی دابڕانی گەلی کوردە لە شارستانییەت و زانستی ئەوروپا و بیروڕای پێشکەوتنخوازانە، گوتارەکەی م.ص. ئازیزی (ساڵح بەدرخان)، بە ناونیشانێکی هاوشێوە و لە دوەم ژمارەدا بۆ بەدواداچونی ئەم گوتارە بوە، پێشنیاری شێوەیەکی دیکەی بۆ ئەلفوبێ کردوە، کە خۆی پاش هەوڵێکی درێژخایەن داێرشتوە، ئامانجی دۆزینەوە و شێوەیەکی سادە بوە بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوە و نوسین، کە بەپێی پیتە عەرەبییەکان داێناوە، پێشنیاری زیادکردنی هەشت پیتی تازەی بۆ پیتە ئاساییەکان کردوە، تا پیتە دەنگدارەکانی زمانی کوردی بخرێنەڕو.(بڕوانە: ڕۆژ کرد، ژ ١، ١٨؛ ژ٢، ١٢ -١٣)

ئەندامان و لایەنگرانی هێڤی سەبارەت بە زمانی کوردی، چالاکی جۆراوجۆری دیکەشیان ئەنجام داوە، بۆ نمونە تایب عەلی کویچوک کە ئەندامی هێڤی بو، فەرهەنگێکی بۆ زمانی کوردی ئامادەکردوە، هەروەها خەلیل خەیاڵیش فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی ئامادەکردوەو داواشی لە محەممەد میهری سنەیی کردوە، کە وشە فارسییەکانی بەرانبەر ئەو وشانە بنوسێت، بەڵام بەرلەوەی بڵاوبکرێتەوە لەلایەن زیا گیوك ئەڵپەوە سوتێنراوە، دیارە ئەم ڕوداوە لەکاتێکدا بو گیوك ئاڵپ، کە پێشتر کاری لەسەر زمانی کوردی دەکرد، ڕوی کردبوە تورکیایەتی و وازی لە کاری کوردان هێنابو. (مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٥١-١٥٢) ئەوە سەرباری ئەوەی کە خودی هێڤی نامیلکەیەکی بەناوی (هینکر زیمان کوردی) بە هەردو زاراوەی کرمانجی سەرو خوارو و عوسمانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەمەبەستی فێرکردنی منداڵان و لاوانی کورد، کە فەرهەنگێکە پڕیەتی لە وشەی جوان و ڕازاوەی کوردی. (بڕوانە:ژ نشریات هی وی جوانا طلبة کوردان، ١٣٣٧-١٩٢١) لێرەدا دەردەکەوێت، کە هێڤی و بڵاوکراوەکانی کۆششێکی زۆریان خستۆتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەلفوبێیەکی کوردی گونجاو بۆ زمانی کوردی، چونکە زمان بەگرنگترین پایەکانی بونیادی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی دادەنرێت.

خوێندنی سەرەتاییش بابەتێکی دیکەی جێی وتوێژی بەرفراوان بوە، قوتابخانەکانی کوردستان پێشتر سەرجەم ئاینی بون و پیاوی ئاینیی تێدا دەرچوە، هەر بۆیە (ڕۆژی کورد) بایەخێکی زۆری بە خوێندنی ئاینیی داوە، گوتارێکی عەبدولکەریم سلێمانی بۆ ئەو کێشەیە تەرخان کردوە، بەناونیشانی (منداڵ بۆچی زو فێری خوێندن نابێت) سەرەتا دەنوسێت: "لە شاری کوردە بەدبەختەکاندا منداڵ بۆچی زو فێری خوێندن نابێ و منداڵی فەرهەنگ بۆچی بە شەش حەوت ڕۆژ فێری

خوێندن و نوسین دەبێ، منداڵی ئێمە لەبەرچی لە مەکتەب ڕادەکات و مەیلی تەحسیلی نییە، ئەم دەردە توشی هەمو لایەک بوە، دەوای ئەم دەردە ئاسانە کەس نایدات بە سەر خۆیدا، بە ماڵی دنیا کەشفی ناکا، دیقەت بفەرمون جەهالەت چەند خراپە، ئینسان بەمە کەم ناکا داخلی مەکتەب بێت، یا نسبەت بە مزگەوت، تەنیا پێی نابیە عالم، بەدبەخت فەقێیەک لە هەورامانەوە بە سەدحاڵ دەگات و دێت بۆ تەحسیلی علوم، مەلای ئەو مزگەوتە ئەوەل ئەمر دەکات جامی بخوێنە، فەقێ چەند ساڵ لە کولی ڕەد و بەدەلی عیسامەدین و عەبدولغەفور عەبدولحەکیم و موحەڕەم ئەفەندیدا مەشغوڵ دەبێ، نیهایەت ئەوەندە فێردەبێ کە دالی زەید بە چی بۆرە و عومەر بەچی مەنسوبە، غوڵام بەکر بە چی مەکسورە، ئەم حەولە، ئەم هەمو تەقەلایە، ئەوەیە لە پاش بیست ساڵی هەوڵدان..." پاشان دەنوسێت: "...فەقێ دەبێ بە مەلا فەقەت مەحرومە لە سەردەم، بێ بەهرەیە لە تەفسیر، مەعنای عەرەبی نازانێ، لەزانستی پزیشکی بێگانەیە، لە ئیدارە و مەعیشەت عاجزە، یەعنی لە غەیری ئیمامەت شارەزایی نییە، ئەو بەدبەختە ئەم هەمو مولکە سەرف دەکا...، گوناحە بۆ خاتری خودا ئەگەر هەزار کەس بچێتە مەدرەسە، چ تاریخشوناس، موعەلیمی جوگرافیای پێ پەیدادەبێت، ڕۆژی دە سەعات لەیەک جێدا چەند فەقێ هەیە جەمیان دەکا و بە جەمعی ئەم دراسەبێ موفیدانە بەوان دەڵێن، حەیفە برای دینیمان نازانن مەعنای حکومەت چییە، مەجلیسی مەبعوسات و وەزیفات چییە، دەوڵەت چییە، ئەگەر مەتڵەقە؟ بۆچی موتڵەقە؟ بۆچی خراپە؟ ئەگەر مەشروتیە، بۆچی چاکە؟ نەزافەت چییە؟... تەئریخ و جوگرافیا چیین؟ بۆچی دەبێ ئینسان لە عیلمی حوقوق، لە عیلمی ئیقتساد شارەزا بێت؟ قانون چییە؟ کار چییە؟ زانستی کشتوکاڵی بۆچی چاکە؟". (سلێمانی/١، ڕۆژ کرد،١٩١٣،ژمارە(١)، ٢١-٢٣)

لە ژمارەیەکی (ڕۆژی کورد)دا، لە بابەتێکدا، کەبە زاراوەی کرمانجی بڵاوکراوەتەوە، بەناونیشانی (جوتکاری)، ڕەخنە لە پیشەی کشتوکاڵکردنی کلاسیکی کۆن دەگرێت، هانی جوتیار و تاکی کورد دەدات ڕو لەداهێنانی نوێ و بەکارهێنانی سەردەمی بکەن، ڕودەکاتە هەموان و پێیاندەڵێ: لەو سەردەمە مەترسیدارەی شەڕ و ئاژاوەدا، کوردەکان هەر لە کێڵگەکانیان بە هاوین و زستان خەریکی کشتوکاڵن، حکومەتیش بەرهەمەکانیان ناکڕێ، بۆیە لە کرمانج و عەشیرەتان، هیوا دەخوازێ ڕوبکەنە خوێندن و منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن.(دیاربەکری، ڕۆژ کرد،١٣٢٩/ ١٩١٣،ژ١، ٢٤-٢٥) هەروەها (ڕۆژی کورد)بایەخی بەرچاوی بە چیرۆک و پەخشانی کوردیش داوە، ئەوەتا لە ژمارە (١)دا چیرۆکێک بە ناونیشانی(چیرۆک) کە باس لە شوانێکی کورد دەکات بڵاوکراوەتەوە، لەو چیرۆکەدا چیرۆکنوس بەشێوەیەکی باش گوزارشت لە کلتور و دابونەریتی ئەوسای کورد دەکات، لە کۆتاییەکەیدا ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو سەردەمە دەخاتەڕو، کەوا چۆن بە ورەوە ڕوانیویانەتە بژێوی و ژیانیان و نوسیویەتی: "...مالا واندا لهێف، بالکی تشتەکی وەسا تونە بو، تەنێ ملیکەکی هەبو..."، (تمو،ڕۆژ کرد،١٣٢٩/ ١٩١٣، ٢٥-٢٦)، ئەم چیرۆکە لەڕیزی ئەو بابەتانەدایە کە بە زمانی کوردی لەو گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، دەکرێ ئەو پەخشانە کوردیەی کە لەو گۆڤارانەدا بڵاوکراونەتەوە، لە دوای پەخشانەکانی نێو ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی، بە یەکەم پەخشانی کوردی لە قەڵەم بدرێن.

لە (ڕۆژی کورد)دا شیعری هێندێک لە گەورە شاعیرانی کوردی وەکو (ئەحمەدی خانی و نالی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی) بڵاوکراونەتەوە، بەنمونە لە ژمارە یەکدا لە لاپەڕە (بیست و نۆ)دا، دیوانی شاعیری بەناوبانگی کورد (نالی) بە ناوی(دیوان شاعر شهیر حضرت نالی) بڵاوکراوەتەوە، کە چەند شیعرێکی نالییە، ئەمەش دەلالەتە لە گرنگیدانی ئەم گۆڤارە یان ئەم ڕۆژنامەیە لە بابەتی هونەر و ئەدەب و چیرۆک و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی، کە دەکرێ بڵێین کلتوری کوردی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە هەمان شێوە لە ژمارە دوی (ڕۆژی کورد)دا، لە لاپەڕەکانی (٢٥ - ٢٨) کۆمەڵێک لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی هەن، دواتریش شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ژمارە سێ دا،

له لاپەڕه ٢٧-٢٩، شیعری (ئەحمەدی خانی) بڵاوکراوەتەوە بەناوی (قصیدا حضرت شیخ احمد خانی)، پاشان چیرۆکێکی کرمانجی له لاپەڕه٣١ بڵاوکراوەتەوە.(بروانە:رۆژکرد،١٣٢٩/ ١٩١٣، ژمارەکانی ١، ٢، ٣)

لەلایەکی دیکەوە گوڤارەکە ئاماژەی بەهۆیەکانی پاشکەوتنی دانیشتوانی کورد کردوە، ئەگەر عەبدوڵا جەودەت پێیوابوبێ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە مایەی ڕاست و دروست دەرچونە لەم پاشکەوتنە، ئەوە عەبدولکەریمی سەرۆکی نوسین له گوتاری (هەر من بم و کەسی تر نەبێ)دا کەوتوەتە باسی پاشکەوتنی زانستی کورد و ناکامڵی لاوانی کورد، کە ناهێڵن له نێو خۆیاندا یەکبگرن، عەبدولکەریم هۆیە کۆمەڵایەتی و ئابوریيەکانی پاشکەوتنی کۆمەڵگەی فیوداڵی ئاینی و کۆسپی بەردەم پێشکەوتن و پەرەسەندنی پشتگوێخستوە، بانگهێشتی گەلی کوردی کردوە فێری خوێندنەوە و نوسین ببن.(روژ کرد، ١٣٢٩/ ١٩١٣، ژ٢، ٢١ -٢٢)

پرسی خوێندن ڕۆشنگەرانی گۆڤارەکەی خستە سەر ئەو باوەڕەی، کە پێویستە یەکەم خاڵ و لایەن بۆ چارەسەرکردنی خاڵە لاوازو هۆکارەکانی دواکەوتویی لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەستی بۆ بەرن ئەوا خوێندنە، چونکە نەزانین گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردییە، بۆیە کاتێک سەیری ژمارەکانی ڕۆژی کورد دەکەین بەدەگمەن دەبینیت کە بابەتێیک هەبێت و باس لەخوێندن نەکات، ئەوە سەرباری بونی چەندان وتاری تایبەت بەو بوارە، بۆیە پرسی خوێندن بەزمانی کوردی یەکێک بوە لەخەمە سەرەتاییەکانی گۆڤارەکە، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا وەک بابەتێکی مەعریفی و کەلتوری ڕۆژی کورد ڕۆشنایی خستۆتە سەر زۆر لایەنی مێژوی کورد و هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکەی، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ دوژمنانی کورد کاتێک کورد بە نەزان و بێ مێژو دادەنێن.(ڕۆژ کرد؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بیری ڕۆشنبیری لەگۆڤاری ڕۆژی کورددا بڕوانە: توفیق، ٢٠٠٤، ١٧٦- ١٨٩)

له (هەتاوی کورد)دا بەهەمان شێوە گرنگی بە ڕۆشنبیری و زانست دراوە، دیارترین نمونەش له بەیاننامەی هێڤیدا بە ڕونی دەردەکەوێت و دەڵێت: "کاتی خۆی کورد نەتەوەیەکی گەورە و پێشکەوتو بوە، بەڵام ئێستا له ڕوی زانست و هونەر و بازرگانی و کشتوکاڵەوە دواکەوتون، ئەمەش له کاتێکدا کە نەتەوەکانی تر لەو بوارانەدا پێشکەوتون...، چەندین ڕۆژنامە و کتێبیان هەیە...، بەڵام ئێمەی کورد ئاگامان له هیچ یەک لەو شتانە نییە، هەر لەبەر ئەمەشە کە تۆمەتی جۆراوجۆر دەخەنە پاڵمان،... ئێمە وەکو لاوانی کورد، کە له قوتابخانە و خوێندنگاکانی ئەستەنبوڵدا بۆ فێربونی زانست و کەلتور له دەوری یەک کۆبوینەتەوە...، ئامانجەکانی جەمعیەتەکەمان بە پێی گرنگی بەم جۆرەیە:

١- پێناساندنی خوێندکارانی کورد بە یەکتری و دروستکردنی زەمینەی پێکەوە کارکردن و پابەندبون پێیەوە.٢- دەرخستنە مەیدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.٣- کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگە له کوردستان و دروستکردنی مزگەوت."(هەتاوی کورد،١٣٣٠/ ١٩١٤، ژمارە٤-٥، ١-٤)

هێڤی له بارەگای ناوەندی خۆیدا کتێبخانەیەکی گەورەی دامەزراندبو، بە ئەگەرێکی زۆرەوە یەکەم کتێبخانەیەک بوە، کە لەنێو بارەگای ڕێکخراوێکی کوردیدا دامەزرابێت، له (هەتاوی کورد)دا بانگەوازێک بە ناوی (تکایەک له کەسانی باش و خێرخواز) لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کتێبخانەی هێڤی، کە له بارەگای ناوەندی ڕێکخراوی هێڤیدا دامەزراوە، ڕایدەگەێنێت پێویستی بە گرنگترین بەرهەمی نوسەران و خاوەن بەرهەمەکان هەیە، تکایە ئەو کەسانەی سەبارەت بە مێژو،زمان، ئەدەبیات و دابونەریتی خەڵکی کوردستان، بەرهەمیان هەیە، هەرچی زوتر ئەو بەرهەمانە له کتێبخانەکەدا دابنێن، یان بینێرن بۆ ئەوەی کە له کتێبخانەکەدا دابنرێت.(هەتاوی کورد، ١٣٣٠/ ١٩١٤، ژمارە ٤-٥) بەم چەشنە هێڤی بە شێوەیەکی بەرفراوان کاری کردوە.

هەروەها بە ڕوانین، لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری هەتاوی کورد بۆمان دەردەکەوێت، بەهەمان شێوەی گۆڤاری کرد تعاون و ترقی غزتسی، ڕۆڵێکی گەورەی لەبواری ئەدەبیشدا هەبوە و لەزۆربەی ژمارەکانیدا هۆنراوەی شاعیرانی وەک مەحوی و حاجی قادری کۆیی و چەندان شاعیری دیکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە وەک بابەتی ڕۆشنبیری، لەپێناو برەودان بەو خەباتە و گەشەسەندنی ئەو بوارە، ئامانیش لێی فراوانکردنی دەرفەتی زیاتر بوە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆنراوەی شاعیرانی کورد.( بروانە:هەتاوی کورد، ١٣٢٩- ١٣٣٠/ ١٩١٤، ژمارەکانی ١-١٠)

## باسی چوارەم: بیری نەتەوەیی لە پرۆگرام و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی تەعاون تەرەقی کورد و هێڤیدا

بە هەمان شێوەی ڕۆڵیان لە بزاڤی ڕۆشنبیریی، ڕۆڵیان لە بزاڤی نەتەوەییش گێڕاوە و بونە هەوێنی هۆشیاریی بیری نەتەوەیی کورد، هەڵبەت ئەوەی لە باسی یەکەمدا لەسەر کارکردنیان بۆ بەرەو پێشبردنی زمانی کوردی و هەوڵیان بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی لە ناو ناوەندەکانی خوێندن و ڕۆژنامەکان و بە ئازادی بەکارهێنانی، چۆن بۆ بزاڤی ڕۆشنبیریی ڕاستە و بەبەڵگە هێناومانەتەوە، بەهەمان شێوە بۆ بزاڤی نەتەوەییش دروستە، چونکە زمان لە پایە یەکەمینەکانی پێکهاتەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە، بۆیە گەر لەهەردو باسەکەدا نەمانخستۆتەڕو، لەبەر درێژنەبونەوەی توێژینەوەکە بوە، نەک پەیوەست نەبونی زمان بە بواری نەتەوەییەوە.

کۆمەڵەی تەعاوەن و تەرەقی کورد لەبواری نەتەوەیدا داوای یەکسانیی بۆ گەلانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی دەکرد، بەوەی نابێت هیچ گەلێک دەسەڵاتی بەسەر گەلێکی دیکەدا هەبێت، داواشی دەکرد حوکمی لامەرکەزی بدرێتە ویلایەتەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت، بۆ ئەو مەبەستە دەستی کرد بو بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ گەلانی عەرەب و ئەرمەن بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کار بکەن دژی دکتاتۆریەت و سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی، کە ئیتحادییەکان پەیڕەویان دەکرد.(توفیق، ٢٠٠٧، ٩٣)

لەگەڵ ئەوەی زیاتر هەوڵی پەروەردە و چاپ و پەخشی بە زمانی کوردی داوە، بەڵام ئەم ڕێکخراوە، سەرەڕای بۆچونە ناوەندگیر و میانەڕەوەکانی خۆی، ڕۆڵی پێشەنگی لەنێو جوڵانەوەی نەتەوەیی کورددا هەبو، ئەم کۆمەڵەیە وەک یەکەم ڕێکخراوەی هاوچەرخی کورد، لقی خۆی لە کوردستان کردوەتەوە و یەکەمین هەنگاوی لە تێکۆشانی سیاسی دیموکراتی کورد هەڵگرتوە، بوە بە سەرەتایەک بۆ ئەو خەباتانەی کە دواتر لە پێناوی ماف و داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد کراون.(مالمیسانژ/١، ٢٠٠٧، ٧٧-٧٨)

لە شیکردنەوەی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی لە ڕۆژنامەکەیدا خستبویەڕو، پێویستە بارودۆخی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانیی لەبەرچاو بگرین، بە هۆی کودەتای تورکە لاوەکانەوە، سەردەمێکی نوێ لە وڵاتدا دروست ببو، کە ببوە جێگەی ئومێدێکی گەورە بۆ گشت گەلانی نێو دەوڵەتی عوسمانیی، ئەمەش ببوە هۆی بەهێزکردنی سۆز و خۆشەویستی خەڵک بەرامبەر بە فەرمانڕەوایەتی تازەی وڵات، هەر بۆیەش ڕێبەرانی کۆمەڵەکە پاراستنی یەکێتی خاکی عوسمانییان بە ئەرکی سەرەکیان زانیوە، هەر لە دەرەنجامی ئەمەش داخوازیە سیاسییەکانیان لە چوارچێوەی ناو خۆی دەوڵەتی عوسمانییدا بوە، (زانا، ٢٠٢٤، ٧٠) هەر بۆیەش گۆڤاری (کورد)، کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بو، وایکردبو بە دو ئاڕاستە کاربکات، یەکەمیان ئەو ئاراستەیەی کە داوای دەکرد ئازادی لە دەوڵەتی عوسمانییدا بێتە کایەوە و کاری بۆ دەکرد، تاوەکو ئازادی بە شێوەیەکی فراوان لە نێوان تەواوی گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییدا بڵاوبێتەوە، دوەم کاری بۆ ئازادی کورد لە ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد،(توفیق، ٢٠٠٤، ١٥٠)ئەوەتا لە ماددەی ١٦ی پەیڕەوی خۆیدا دەڵێت: "لەبەر پێشکەوتنی فکری و کۆمەڵایەتیی کوردەکان، کۆمەڵە بۆ هەڵبژاردنی کەسانی هۆشیار لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، ئەوانەی وا مافەکانی نێو دەستور بپارێزن و ئاگاداری وەزعی خەڵکی هەرێمەکە بن و پارێزگاری لە

بەرژەوەندییەکان بکەن، هەر لەم بارەیەشەوە تێدەکۆشێ بۆ هەڵبژاردنیان لەم ئەنجومەنە و ئەنجومەنی داهاتودا". (نظامنامةسی، ١٩١٩، ٣، ٦-٧)

بەپێی پەیڕەوی کۆمەڵەش لە ماددەکانی ١٧و ١٨ دا،کە تایبەتە بە لقەکان دەڵێت: "لەو پارێزگا و قەزا و ناحیانەدا کە کورد تێدا نیشتەجێن، کۆمەڵە لقی خۆی دەکاتەوە، هەر یەک لەم لقانە بە شێوەیەکی تایبەت دەستەی ڕاوێژکاری، دەستەی بەڕێوبەرایەتی و ئەندامانی هاوکاری خۆیان دەبێ، ئەم لقانە هەمویان پەیوەندییان بە ناوەندی گشتی کۆمەڵەوە دەبێت لە دەر سەعادەت (ئەستەنبوڵ) و کاروبارەکانیان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ئەوێدا ڕادەپەڕێنن".(نظامنامةسی، ١٩١٩، ٧)

هەروەها یانەکانی کۆمەڵە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوە لە بزوتنەوەی هەستی نەتەوەیەتی کورددا، چونکە تا ئەوسا کە ئەو یانانە پێکنەهاتبون، هەندێک لە کوردەکان خۆیان لە ڕیزی تورک دەژمارد، بەڵام کە ئەو یانانە کرانەوە، هەستی نەتەوایەتیی کورد لەناو ئەو کوردانەشدا بە بەهێزی پەیدابو،(هاوار، ٢٠٠٦، ٥٠١-٥٠٢)ئەویانەیەی لە بەدلیس کردیانەوە، بو بە گەورەترین یانە و ژمارەی ئەندامەکانی هەتا دەهات لە زۆربوندابو، بە ئاشکرا بەربەرەکانی یانەی ئیتحاد و تەرەقی لە بەدلیس دەکرد، هەر بۆیە ترسێکی تەواوی خستبوە دڵی بەڕێوبەرانی یانەکانی تر، بەنمونە ئەرمەنەکان ئەو چالاکیەیان بە شتێکی پڕ مەترسی دەزانی، لەویانەیەدا دەستکرا بە مەشق و فێرکردنی کاروباری سەربازی بە ناوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەوە، ئیتحاد و تەرەقی لە بەدلیس ئەو پەرەسەندن و فراوان بونەیان پێ ناخۆش بو، باڵیۆزی ڕوسیش لە ئەستەمبوڵ لەوەدا ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە دەربارەی ئەو داخستنە و گوتویەتی: کوردەکان کە هەتا ئێستا بەهێزترین تاقمن دژی دەستور وەستاون، (هاوار، ٢٠٠٦، ٥٠٠-٥٠١) بەپێی ڕاپۆرتی کونسوڵی ڕوسی بەر لە داخستنی یانەی کوردی لە بەدلیس، ژمارەی ئەندامانی گەیشتبوە هەزاران ئەندام.(عەلی، ٢٠١٠، ١٩٧)

یەکەم کاری یانەی کوردی، ناردنی یاداشت بوە بۆ(کامیل پاشا) سەرۆک وەزیرانی ئەوسا، کە داوای چاکسازی کردوە بۆ کوردستان، لەسەر ئەو شێوازە چاکسازییەی وەکو بەڵێن لەڕێککەوتننامەی بەرلینی ساڵی١٨٧٨ درابو بە ئەرمەن، (عەلی، ٢٠١٠، ١٩٧)هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی (ئیکمۆڤیچ) یانەی کوردەکانی بەدلیس، دە هەزار لیرەی تورکی بە ئامانجی دروستکردنی کارگە لە شارەکەدا کۆکردبۆوە.(توفیق، ٢٠١٢، ٣٥٥) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەتەوەیی بونی یانەکان و هەوڵیان بۆ پێشخستنی وڵات لە ڕوی خزمەتگوزاریی و پیشەسازیی و ئابوری.

تەعاون و تەرەقی هەوڵیدەدا بۆ ئازادی کوردستان و پێکهێنان و دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش لەم قۆناغەدا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری ئینگلیزەکانی دەدا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات دەرکەوت، کە ئینگلیزەکان یارمەتی گەلانی ژێردەستە و لاواز نادەن،(شریف، ١٩٨٩، ٢٠)لە لایەکی دیکەوە بە ئەرکی خۆی زانیوە چاو بە کاروباری ئابوریدا بخشێنێتەوە، بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی سەروەت و سامانی کورد و کردنەوەی بانکێک لە ناوچەکانی کوردستان.(توفیق، ٢٠٠٧، ٩٤)

ئاسۆی ئەو کێشانەی گۆڤاری (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی)ش لێیدەکۆڵینەوە فراوان بو، بەر لەهەمو شتێک هەوڵی کوردانی بۆ یەکبونی نەتەوەیی و گۆڕینی بارودۆخی ناعادیلانەی خۆیانی لەنێو ئیمپراتۆری عوسمانییدا تێیدا ڕەنگی دەدایەوە، هەروەها پروپاگەندەی بۆ مێژوی پاڵەوانان و پێشینانی کورد کردوە و دیوە باشەکانی لەمۆرکە نەتەوەیەکەیدا ڕونکردوەتەوە، ئەمە لە گوتاری (کورد و کوردستان)ی سەر یەکەم ڕوپەڕی ژمارە دویدا هاتوە: "کوردانی ئیمپراتۆری عوسمانیی لە گشت خێروبێرێکی ژیان بێبەش کراون، ئەگەرچی زۆر لەمێژبو لەبەر ئازایی و خەباتیان لە پێناوی ئاسایشی وڵاتدا، شایستەی هەمو ڕێزلێنانێک بون"، گۆڤارەکە بەئەنقەست کەوتوەتە بڵاوکردنەوەی گوتاری خاوەن مۆرکی

سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بیرکردنەوەی ناودارانی کورد و گەڕانیان بە شوێن ڕێگا مەنتیقیەکانی پێشکەوتنی گەلی کوردیان بەرچاو دەخست.( نظیف، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو٢، ٩-١٠)

بەرپرسانی گۆڤارەکە داوایان لە قەڵەم بەدەستان و بیرمەندانی کورد کردوە، کە بابەت لە ڕۆژنامەکەدا بنوسن و بەم جۆرە بانگەوازیان بۆ کردون : "...غزەتەکەمان دەبێ بە ئامرازی گواستنەوەی بابەتە پێشکەشکراوەکانتان بە کوردستانەکەماندا، بەرامبەر بەمەش کۆمەڵەکەمان ڕێز و سوپاستان پێشکەش دەکات، لەبەر ئەوەی غزەتەکەمان غزەتەیەکی دینی- سیاسی- زانستی- ئەدەبی- کۆمەڵایەتییە، بە مەرجێک تا ڕادەیەک بۆنی خۆشی کوردایەتی لێوەبێ ، بۆ هەمو جۆرە بابەتێکی تازە گونجاوە".( کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو١) لەو سۆنگەیەوە بەدیع زەمان مەلا سەعید کوردی(نورسی) لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا وەک ئامۆژگاریەک بەزمانی کوردی کرمانجی دەنوسێت: "ئەی گەلی کوردان لە یەکگرتوییدا هێزو لە یەکێتیدا ژیان و لە برایەتیدا بەختەوەریی لە حکومەتدا ئاشتەوایی هەیە، ئەی کوردینە توند دەست بە پەتی یەکگرتویی و خۆشەویستی بگرن، تا ئێوە لە بەڵا بە دور بگرێ، ئەی کوردینە باش باش گوێم بۆ بگرن دەمەوێ شتێکتان پێبڵێم: دەمەوێ ئەوە باش بزانن سێ بەهای بنچینەییمان هەیە لەسەر ئێمە پێویستە بیان پارێزین یەکەم: ئیسلامەتی... دوەم مرۆڤایەتی...، سێیەم: ناسنامەی نەتەوەییمان؛ ئەوەیان بە شەرەف و بونمان دادەنرێ، ئێمە بە کاروکردەوەکانمان و ناسنامەی نەتەوەییمان فەرهەنگمان دەپارێزین...".(سعید، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو١، ٧) خەلیل خەیاڵیش لە نوسینێکدا پێشنیاری ئەوەی کردوە، کە کوردەکانیش وەک ئەلبانییەکان واز لە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ بێنن و پێکەوە وەک برا بژین، نوسیویەتی: "هاوڕێیان! قوتابخانە بکەنەوە، با منداڵەکانتان لەسەر مێژوی زانست بخوێنن، ئەوانە بە شایستەی نەزانی مەبینن، ژیانی گەلەکەمان و پاراستنی نیشتمانەکەمان لە دەستی ئێوە و یەکگرتنی ئێوە دایە".(خیالی، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو٨، ٧١)

گۆڤارەکە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگی بە هەواڵی تەواوی ناوچەکانی کوردستان داوە، ئەوەتا لە کاتی کوژرانی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی حەفیددا، کە لە ساڵی ١٩٠٩ لە موسڵ دەکوژرێت، بە ناونیشانی (خەمێکی گەورە) هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە و بە ڕوداوێکی دڵتەزێن و کارەساتبار وەسفی کردوە و ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە حکومەت بە خێرایی لێکۆڵینەوە لەم ڕوداوەدا بکات و بکەرانی ڕاپێچی بەردەم دادگا بکات، هاوکات کۆمەڵێک ڕۆژنامە ئەم هەواڵە بڵاودەکەنەوە، بەڵام هیچیان وەکو گۆڤاری کورد هۆکارەکەیان بەو شێوە باس نەکردوە، کە گەڕاندویەتەوە بۆ حەقیقەتی لاوازیی حکومەتی عوسمانیی و خراپ ئیدارەدانی ناوچەکە.( کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤،نومرو٧، ٥٣- ٥٤)

لەسەر ئەو بنەمایە، بیری نەتەوەیی و بابەتەکانی جێگایەکی دیاریکراویان لە گۆڤارەکەدا داگیرکردوە، نوسەرانیشی هەمیشە بەدوای هۆکارەکانی دواکەوتویی ئەو بیرەدا گەڕاون، لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرەکانیش بۆی ڕێگاکانی ڕو بەڕوبونەوەیان خستۆتە ڕو، بەوشێوەیەش گۆڤارەکە ڕێچکەیەکی نەتەوەیی گرتۆتە بەر کە بەپلەی یەکەم بەرگریکردن بو لەکوردو مافە ڕەواکەی.( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: توفیق، ٢٠٠٤، ١٥٠ – ١٦١)

لە دەرەنجامی چالاکییە فراوانەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بۆ پاڵپشتی کورد بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئەم کۆمەڵەیە بو بە نوێنەری دان پێدانراو و شەرعی کورد، لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوە عەرەبی و تورکی و ئەرمەنییەکانەوە.(توفیق، ٢٠٠٧، ٩٤)بۆیە لە پرسە نەتەوەییەکان و خەباتی هاوبەشیاندا تا داخرانی، خاوەنی پێگە وقورسایی خۆی بو لەکۆڕ و کۆنفرانسەکان بانگهێشت دەکرا و لە پرسەکاندا ڕاوێژی پێدەکرا.

هەرچەندە کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردیش، بۆ بواری ڕۆشنبیری و زانست، لەلایەن کورد تەعاون تەرەقیەوە دامەزرا، بەڵام ڕۆڵی هەبو لەسەر پەرەدان بە هەستی نەتەوایەتیی و زمانی وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەری نەتەوە

بایەخ پێداوە، ئەوەتا لە مادەی١٢ی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتوە:"هەر ئەندامێک کە هەستێ بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی کوردی، ئەوا دەبێ ئەو کتێبەی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کە نابێ کتێبەکە لە سەد لاپەڕە زیاتر بێت و قەبارەشی مامناوەند بێت، وە لە ساڵێکدا یەك کتێب بێت، کە لە لایەن کومەڵەوە دیاری دەکرێت". (شریف، ١٩٨٩، ٣٧)

لای خۆشیەوە کۆمەڵەی هێڤی هەستە نەتەوەییەکانی کوردی زیندو کردوەتەوە،(مالمیسانژ/٢، ٢٠٠٧، ١٩)چونکە هێڤی تەنها کۆمەڵەیەک نەبو تایبەت بێ بە خوێندکاران و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، بەڵکو لە ساڵەکانی ١٩١٢ تا ١٩١٤، بەهێزترین حزبی سیاسی کوردی بو، لەبەرئەوەی پێشەوایان و بەرپرسانی ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە دوچاری زیندانی کردن بون و لەکۆتایی قۆناغی یەکەمیشیدا بەشێکی زۆریان ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران، تا کۆتایی بە هزرەکانیان بهێنرێت.(توفیق، ٢٠٠٧، ١٠٤)

هێڤی توانی کوردەکانی تورکیا و ئێران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و باڵە ناکۆکانی بزوتنەوەی کوردیش ئاشتبکاتەوە، ڕێبەرانی لە نوێنەرانی چینی فیوداڵ و ئەرستۆکرات و ڕۆشنبیری کورد پێکهاتبون،(عەلی، ٢٠٠٤، ١٩٠)لەڕێگەی بڵاوکراوە و بانگەوازییەکانی خۆشیەوە هەوڵی پێشخستنی بیری نەتەوەیی کوردی داوە، لە هەندێک لە بەیاننامەکانیشیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا داوای لە زانا و شێخ و بەگ و گەورە پیاوانی کورد کردوە، کار بۆ کوردایەتی بکەن و تەئکیدی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی، کە خزمەتکردنی کوردایەتی کارێکی پیرۆزە، بە نمونە لە بەیانێکدا ئەوە دەخاتە ڕو،کە بەر لەهەر شتێک پێویستە فەراموش نەکەن، کە ئاسودەیی و خۆشییەکەی ئەمڕۆتان، لە سایەی سەری ئەو نەتەوە دروستبوە، کە ئەمڕۆ ئێوە خزمەتی ناکەن، چ شتێک ئاستەنگە لە بەردەم ئەوەی، کە ئێوە خزمەتی ئەو نەتەوەیە نەکەن؟ کارکردن و خزمەتکردنی کوردایەتیی و یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لەو ڕێگایەدا تێدەکۆشن، ئەرکێکی پیرۆزی کەسانی وەکو ئێوەیە، کە ئەمڕۆ پلە و پایەیەکی بەرز و گونجاویان هەیە.(روژ کرد، ١٣٢٩/ ١٩١٣، ژ١، ٢- ٣)

لە بەیاننامەیەکی تردا باسی ئەوە کراوە، کە لە ڕێگای ڕێکخراوەکەیانەوە ڤاکسینی شانازی نەتەوەیی گەیەندراوەتە لاوانی کورد، کە دەڵێت:"هەستی شانازیکردن بە نەتەوە و ڕۆحی فیداکاری، وەکو ڤاکسینێک لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەمانەوە گەیاندراوەتە ئەو سەدان گەنجەی، کە ئەرکی پیرۆزی ئامادەکردنی داو و دەرمانیان بۆ نەتەوەیەک گرتۆتە ئەستۆ، کە مێژوی مرۆڤایەتی بە ڕێز و شانازییەوە یادی لێوە دەکات".(مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٦٠)

بۆیە ئەندامانی هێڤی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبو لەڕوی پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی و هەستی تێکۆشان لەناو تاکی کورددا، بە تایبەت لە ناو چینی ڕۆشنبیر و زانستخوازدا و بە تایبەتی تریش لە ناو چینی قوتابیاندا، کۆمەڵەی هێڤی تاکە کۆمەڵە بو بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر، توانی ئاستێکی بەرز بنوێنێ لەڕوی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و بوژاندنەوەی لەناو کورددا بە گشتی و بوە هۆی ئەوەی تاکی کورد زیاتر هەست بەرپرسیارەتی و ڕادەی هۆشیاری بکات، لە کاتە ناسک و چارەنوسازەکاندا و ببێتە هاندەرێک بۆ زیاتر کێشکردنی کورد، بۆ بەرەی ڕزگاریخوازیی و سەربەخۆیی، لە پێناو گەیشتن بە مافی کورد لە ناوچەکەدا، یەکەم کۆنگرەی لە ساڵی١٩١٣ بەست و لەو ساڵەشدا لقی خۆی لە سویسرا و لۆزان کردەوە، بۆ یەکەمجار گۆڤارێکیان دەرکرد بە ناوی (ڕۆژی کورد)، کە ئەو گۆڤارە لەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبو، لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، (ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، ١١) لەکاردانەوەدا دوای کۆنگرە دەسەڵاتدارانی عوسمانیی، داوای سەرکردەکانی کۆمەڵەی هێڤیان کردوە،کە ئامادە بن لە بەردەم دادگادا بە تۆمەتی پێشێلکردن و دەرچون لە ئامانجە دیاریکراوەکان، بە هۆی ئەوەشەوە عومەر جەمیل پاشا سکرتێر و بەرپرسی ئەم کۆمەڵەیە بۆ چەندین جار دەستگیر کراوە.(توفیق، ٢٠٠٧ ، ١٠٠-١٠١)

کۆمەڵەکە ئەوەندە نەتەوەیی بو تەنانەت هیچ کەسێکی غەیرە کوردی وەک ئەندام وەرنەگرتوە، هەوڵی ئەوەشی داوە پەیوەندییەکی نەتەوەیی بەهێز لە نێو خوێندکارانی کورددا دروست بکات، لە ڕێگای (ڕۆژی کورد)ەوە کوردایەتییان بڵاودەکردەوە، ڕەفیق حیلمی دەڵێ: "خوێندکارانی نەتەوەیەک، کە هێشتا سەربەخۆی خۆیان وەرنەگرتوە، دەتوانن لەمە زیاتر بکەن؟ ئێوە نەتەوەیەکم پێشان بدەن کە سەربەخۆیی خۆی وەرنەگرتبێت و خوێندکارانی ئەو نەتەوە کارێکی زیاتر لەمانەی هێڤیان کردبێت! ئەوەتا سەیری عەرەبەکان بکەن، کە لەڕوی چەندەیەتی و چۆنایەتییەوە لە کوردانیش بەهێزترن، بەڵام واز لە کۆمەڵە بهێنە، تانانەت نەیانتوانیوە ڕۆژنامەیەکیش دەربکەن".(حلمی، ١٩٣٥، ٣٢-٣٣)

لە سایەی هێڤی بیری نەتەوایەتی و ئامانجی کوردایەتی لە نێو گەنجەکانی دیاربەکردا زۆر بە باشی پێشکەوتوبو، گەنجەکانی مەلاتییە، ئەلازیر، وان، بدلیس و ئەرزڕۆمیش ئاگایان لەگرنگی بیری نەتەوەیی و کوردایەتیی هەبو، ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیش لە بنەڕەتدا کاریان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەکرد و هەر کەسیش لەو بارەوە ئاگای لەکردارەکانی ئەوانە هەبو، لەنێو کۆمەڵەی هێڤیدا لەسەر بنەمای مەنتیق و بیری نەتەوەیی کۆمەڵ کۆمەڵ گەنجەکانیان بەشدار کردبو.(مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٢٠)

پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی چالاکیی ڕۆشنبیرانی کورد، نەخشیان لەبڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و جۆشدانی هۆشیاری نەتەوەیی گەلدا دیاری بکەین، بەنمونە گەلێک گوتار بۆ ئەم کێشانە تەرخان کراون لە(ڕۆژی کورد)،لەوانە (ڕاپەڕن)و(زمان و نەخوێندەواریی کورد)و(ئاگادارکردن)،بڵاوکراوەکە هەندێک مەسەلەی ڕون کردۆتەوەو پێی وابو چارەسەر کردنیان یاریدەی گەشەکردنی بزوتنەوەی کورد دەدات وهاندەری دروستبونی ئایدۆلۆژیای نەتەوەییە، ئامادەبونیشی بۆ بەدیهێنانی ئەرکە نەخشە بۆ کێشراوەکانە، هەرگیز دەری نەخستوە، کە ڕۆشنبیرانی کورد تا چ ڕادەیەک بە ڕاستی جۆری ڕێباز و ئامرازەکانی خەباتیان دەستنیشان کردوە، وێڕای ئەوە بیری نەتەوەیی بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی ئەوانەی، کە نوسینیان تێدا بڵاو کردوەتەوە، لێک دراوەتەوە.(بڕوانە:ڕۆژ کرد،١٣٢٩ ، ژ٢، ٢٢ – ٢٤، ٢٩- ٣٠)

لە ژمارە دوی ڕۆژی کورددا لە ناوەڕۆکی بابەتێک بە ناونیشانی (عیبرت) سەرەڕای باسکردن لە دواکەوتوی کورد و گرنگی ڕۆژنامەکە وەکو تەحەدایەکیش کە کورد بە دواکەوتو و بەربەر دەزانن، هاتوە:"...نسبەت بە قەومی کورد، خۆم بە بەدبەخت دەزانم، چونکە ئەو قەومە نەجیبە لەگۆڕەپانی پێشکەوتندا نەچۆتە پێشەوە، بۆ چارەی نەجاتی ئەم قەومە دو ڕێگا دانراوە، یەکەم جەمعیەتی کوردە، کە مەقسەد و ئامانجی خزمەتی کوردانە، دوەم ڕۆژی کوردە، کە ئەویش دوبارە بۆ خزمەتی کورد هاتۆتە ساحەکە و بڵاودەبێتەوە، سودەکانی ئەم ڕۆژنامەیەی لە ژماردنی زمان نایە، باس لە بابەتی سیاسی دەکات، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری گشتییە...، وەزیفەی ڕۆژی کورد لەوە زیاترە، دیار و ئاشکرایە کە ئەوروپا دەڵێن: کورد زمانی نییە، ئەدەبیاتی نییە، لە ناو جیهاندا عام قاو بوە، کە کورد ئاشقیایە (بەربەرە)، وە مەعلومی هەمو کەسە، کە کورد چەند پیاوی عالم و شاعیر و سیاسی و عابیدی هەیە، ڕۆژی کورد ئەم وەزیفانەی بەرچاوکردوە، کە ڕەدی ئەو ڕاجیفانە بداتەوە، عالممان زۆرن، سلێمانی مەخزەنی عیلم و عیرفانە، پیاوی وەک شێخ مەعروف، نوتشی، قزلجی، وەک چۆڕی، وەک شێخ قادر، و پێنجوێنی و کاک ئەحمەد و مەولانا خالید و شێخ عەبەیدوڵلا، وەک نالی و سالم و مستەفا بەگ، وەک حاجی قادری کۆیی، وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و وەک ئەمانەی هەیە، کە لە کورەی زەوییە ئەمسالی ئەمانە نامەسبوقە، قسمێ لە ئەمانە مەشغوڵ بون بە عیبادەت و موتەوەغیلی ئیرشادی عالەم بون، کە زۆر پیاوی خراپ لە سایەی ئەمانەوە بوە بە عابید."(سلێمانی/٢، ١٣٢٩/ ١٩١٣،ژ٢، ٢٢)

هەر لە ژمارە دودا بە ناونیشانی (هشیارین) بە زمانی کرمانجی (م.س.آزیزی) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و داوا لە کوردەکان دەکا کە هۆشیاربنەوە، دەنوسێت:برا کوردەکانم هۆشیاربن، پێویستە ئێمە لێرەوە چاوی خۆمان بەشێوەیەکی دیکە بکەینەوە و هۆشیارانە مامەڵە بکەین، وە نەهێڵین ئێمە لە ناو حاڵی دواکەوتوییدا بمێنینەوە، ئەمرۆ ڕۆژنامەی

کوردی نین، ناتوانین خۆمان لە تەحەدا و لە فێڵ و دەسیسەی سیاسەت بپارێزین، خوێندن و نوسینمان نوسینی کرمانجی نییە،ئەورۆ هیچ میللەتێک نەماوە هەریەکە جەریدە و ڕۆژنامەی خۆی نەبێ، بەو ڕۆژنامانە حاڵی خۆیان بەیان دەکەن و دەردی خۆیان دیاری دەکەن.(آزیزی،١٣٢٩/ ١٩١٣،ژ٢، ٢٣-٢٤)

لە بڵاوکراوەکانی (هێڤی)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێکخراوە زیاتر داوای مافی کلتوری و ئازادی زمان و پەروەردەی کردوە و داواکارییەکانی میانەڕەوانە بوە، بەڵام دوای ئەو وێرانیی ماڵکاولیەی لە کاتی شەڕدا لە کوردستاندا ڕوی داوە، پاش ئەو ئەزمونانەی کە لەجەنگ وەریانگرت و دوای ئەزمون وەرگرتن لە کردەوەی ئەفسەرە نەتەوەگەرەکانی تورک، ئەندامانی کۆمەڵەی (هێڤی)ش ڕویانکردە نەتەوەگەریی و هەستی نەتەوەییان لا بەهێزتر بو، (مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ٨٨) لەوانەش لە بڵاوکراوەکانی هێڤی لە قۆناغی یەکەمدا گرنگیەکی زۆر بە مەسەلەی مێژوی نوسراو و یادگەی هاوبەش دەدرا، لەو بارەیەوە چەندین بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە،(مالمیسانژ، ٢٠٠٨، ١٦٣) (عەبدوڵلا جەودەت) بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی بەو مەسەلەیە داوە کاتێک ئاماژە بەوە دەکات، کەتوانای یادگە لەمرۆڤدا چ دەورێکی هەبێت، مێژوش ئەو ڕۆڵە بۆ نەتەوەکان دەگێڕێت، ژیانی مرۆڤایەتی تەنانەت ژیانی حەیوانانیش لە ڕێگای دەوڵەمەندبونی خەزێنەی یادگەوە بەردەوام دەبێت، هەر نەتەوەیەک کە مێژویەکی نوسراو و تەواوی نەبێت، وەکو ئەوە وایە کە هیچ نەژیابێت، ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی مێژوی ڕابردو و داهاتویان نەبن، نابنە خاوەنی خۆیان، ئەوانەش کە خاوەنی خۆیان نین، تەنیا دەبنە کۆیلە و موڵکی کەسانی تر .(جەودەت/٢، ١٣٢٩ ،ڕۆژ کرد، ژ١، ٣-٤)

مینۆرسکی دەربارەی ڕۆژی کورد دەڵێ: "هەستی نەتەوایەتی لە ناخی کوردەکاندا بڵاوکردوەتەوە، هەروەها پرۆژەیەکی ئەلفوبێی تازەی بۆ زمانی کوردی داناوە، لە ساڵی١٩١٤ ناوی گۆڤارەکەیان گۆڕیوە بە(هەتاوی کورد) و وا دەزانم ڕەواجی هەبوە و بە بەرفراوانی بڵاوبۆتەوە، بەش بە حاڵی خۆم دەربارەی ئەو گۆڤارە لە ناوچە دورەکانی سلێمانیشدا شتم بیستوە، ئەمیرەکانی ناوخۆی کورد و ڕۆشنبیرەکان بە چالاکی و گورجوگۆڵیەوە، سەر لە نوێ بایەخیان بە مەسەلەی نەتەوایەتیی داوە"،(مینۆرسکی، ١٩٨٤، ٩٤-٩٥) شایەدیەکەی مینۆرسکی هۆیەکانی ناوبانگ دەرکردنی گۆڤارەکەی، بردۆتەوە سەر ئەوەی کە مەسەلە گەوهەرییەکانی جێی بایەخی کوردی، تەنانەت لەناوچەی لەئەستەنبوڵەوە دوری وەک سلێمانیشی چارەسەر کردوە، واتە مەسەلەکانی یەکبون و هاودەستی گەل و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئەوروپایی لە کوردستان و مشورخواردنی بەرژەوەندییەکانی گەل و بوژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی و... سەرجەم ڕای گشتی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانییان جەنجاڵ کردبو، بۆیە سەیر نییە ئەگەر گۆڤارەکە ناوبانگێکی زۆر زۆری نەک هەر لەنێو ڕای گشتی کوردیدا، بەڵکو لە ناو ناوەندی گەلانی دیکەشدا مسۆگەر کردبێ، چونکە(ڕۆژی کورد) بەتایبەت لە بەر سیاسەتی شۆڤێنانەی تورکیای لاو، پاش پێنج ساڵ حوکم کردنیان، چارەسەری مەسەلە نەتەوەییەکانی کردوە، بە ڕێکەوت نەبو دوای ژمارە چوار داخرا، گوتارنوسەکانیش لە تشرینی دوەمەوە، یەخەگیری ڕاوەدونان بون، ئەوە بو ساڵح بەدرخانی پەیامنێری بە تاوانی بڵاوکردنەوەی گوتار دژی حکومەت دەستگیر کراوە. (جەلیل، ٢٠٠٠، ٧٧)

لەگەڵ ئەوەشدا (ڕۆژی کورد) پانتاییەکی فراوانی بۆ کێشە سیاسییەکان تەرخان نەکردوە، چونکە حوکمدارانی تورک سانسۆرێکی توندوتیژیان لەسەر دانابو، لە وتارێکدا بە ناونیشانی (هشیاربین) بە زمانی کرمانجی (م.س.آزیزی) بەبێزاریەوە ئاماژە بەوە دەکات گوشاری دەرەکی دەستی سەرۆکایەتی نوسینی گۆڤارەکەی بەستوە، بۆیە ناچارە لا لەکێشە سیاسییەکان نەکاتەوە، ئەم گۆڤارە دەست بۆ کێشەکانی زانست و زانین دەبات و ناتوانێت باسی هیچ شتێکی دیکە بکات، وە ئاماژە بەوە دەکات،ئەگەر کەسێک یان لایەنێک بە نیاز بێت گۆڤارێکی سیاسی دەربکات، پێویستە (٥٠٠) ئاکچەی ئاڵتون وەکو زەمانەت لەلای حکومەت دابنێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە کوردەکان نەیانتوانیوە ئەمڕۆ ئەم بڕە پارەیە کۆبکەنەوە، بڕیاریان داوە بەشێوەیەکی کاتی گۆڤارێکی زانستی-کۆمەڵایەتی (ڕۆژی کورد) دەربکەن، بەڵام کوردەکان بیر

لەوە دەکەنەوە ڕۆژنامەیەک دەربکەن، کە باسی هەبونی کورد لە دنیا و بارودۆخەکانیان بکات.(آزیزی،١٣٢٩/ ١٩١٣،ژ٢، ٢٣-٢٤)

لە بابەتێکی تردا بەناونیشانی (کورد ) هاتوە شانازی بە کوردبونی خۆمەوە دەکەم، گەلی کورد ئەمڕۆ نیشانەکانی نوێبونەوە و ژیانی لە خۆی نیشان دەدات و لە سایەی پرشنگی خۆری ئازادیدا وەک پێکهاتەیەکی گرنگی عوسمانیی گەشە دەکات و بۆ مانەوەی خۆیشی تێدەکۆشێ، ئەم گەلە بەرلە هەمو شتێک گەلێکی موسوڵمانە، پاکە، پایەدارترن و گرنگترین دەستەی دنیای ئیسلامەتی و عوسمانییشە و دوابەدوای ئەوەش لە چوارچێوەی مەشروتیەت دا کە هۆی ژیانی گەلان و ڕێگەی خۆشبەختی ئەوانە، عوسمانییەکی پاک و بێگەردە، لە پلەی سێیەمیشدا کوردە و بەو پێیە وەکو بەشێکی سەرەکی دنیای پڕ شکۆی پیرۆزی ئیسلامەتی و پێکهاتەیەکی گرنگی دەستەی پڕ هەیبەتی عوسمانیی کەڵکێکی زۆری هەیە، بەبێ دابڕان لەم گشتە، بۆ بەدەستهێنانی ئارەزوە نەتەوەییەکان و دابینکردنی خۆشبەختی خۆی لەسەر پێیە و لە هەوڵ و تەقەلادایە.(حەقی، ١٣٢٩/ ١٩١٣، ژ٣، ٢- ٤)

دەتوانین بڵێن، گۆڤاری ڕۆژ کرد، ئاراستەیەکی تەواو نەتەوەیی و کەلتوری گرتبوە بەر، سەرباری ڕەتکردنەوەی ئەو سیاسەتە باوەی ئەو سەردەمە، یەکێک لە نیشانە نەتەوەیەکانی کە لەم گۆڤارەدا دەردەکەوێت ناوەکەیەتی (ڕۆژی کورد)، بۆیە کوردیش لەورۆژگارەدا توانیویەتی لەڕێگای کۆمەڵەی هێڤی یەوە تەعبیر لەهەندێ لە بیروباوەڕەکانی بکات لەپێناو بیری نەتەوەیی،بابەتێکی دیکە کە بیری نەتەوەیی ئەم گۆڤارە دەردەخات ئەو وێنانەیە کە لەبەرگی دەرەوەی هەر ژمارەیەکدا سەرکردە بەناوبانگەکانی کوردی تێدا نەخشێنراوە لەنمونەی سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند ...هتد، ئەمەش یەکەم چاپکراوی کوردی بو هەستێت بەبڵاوکردنەوەی وێنەو لەڕێگای ئەوانەوە گوزارشتی لەنەتەوەیی بونی خۆیی و بابەتەکان کردوە.(ڕۆژ کرد؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بیری نەتەوەیی ڕۆژی کورد بڕوانە:توفیق، ٢٠٠٤، ١٧٠- ١٧٦) هەڵبەت ئەم داهێنانە لەڕوی نەتەوەیەوە لە گۆڤارەکەدا، وەرچەرخانێکی گرنگ بو، هەم بۆخوێنەر، هەم بۆ ڕکابەری لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی، لەهەمان کاتدا گوزارشتی زیندو دەبەخشێت لەڕوی بیری نەتەوەیەوە.

لە (هەتاوی کورد)یشدا بەهەمان شێوەی ڕۆژی کورد بابەتی نەتەوایەتیی هاوشێوەی هاندان بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و پاراستنی کلتوری کوردەواریی نوسراون، هەروەك بەیاننامەکەی کۆمەڵەی هێڤی لە هەتاوی کورد هەمدیس بۆ ئێرەش باشترین نمونە و بەڵگەیە، کە لە بەشێکدا ئاماژە بەوە دەکات گەورەکانی کورد هێشتا لە زیانەکانی یەکنەگرتویی دوژمنایەتیەکانی نێوانی خۆیان تێنەگەیشتون، ئەمەش تا ئێستا نەبوەتە هۆی ئەوەی کە زەمینەی بەختیاریی و خۆشبەختی کوردەکان زیاتر بکرێت، ئەمڕۆ هیچ ئەرکێکی زانایان و گەورەکانی کورد، بە ئەندازەی ئەرکە دینی و نەتەوەییەکانیان گرنگ نییە، چارەنوسی پێکهاتەیەکی گەورەی دنیای ئیسلام لە دەستی ئێوەدایە، پێشخستنی ڕۆشنگەریی لەنێو ئەم پێکهاتەدا، زیاتر لە هەمو کەسێک ئەرکی ئێوەیە، زیاتر لە ئێوە کێ دەتوانێت قوتابخانەیەک دروست بکات و چەندین منداڵی هەژار و نەدار بنێرێتە قوتابخانە، بۆ ئەوەی فێری زانست و کولتورین؟ کێ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چاپکردنی کتێبێك ...و بەوجۆرەش ئامرازەکانی پێشکەوتنی نەتەوەکەمان دابین بکات؟.(هەتاوی کورد،١٣٣٠/ ١٩١٤، ژمارە٤-٥، ١-٤)

لە وتاری (بۆ کوردایەتی)یشدا دەیانەوێت جەخت لەوە بکەنەوە لەوەی کە کوردایەتیی کۆی ڕەوشتە بەرزەکانە، لەبەرئەوەش چەندە شانازی بە تایبەتمەندیە نایابەکانی باو و باپیرانمانەوە بکەین جێگای خۆیەتی..، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە تەنیا شانازیکردن بەس نییە و ئەوەی کە شایستەی ئەو شانازیی کردنەبین، پێویستە لاوانی کورد لەو ڕۆژەدا ئەرکە پیرۆزە نەتەوەییەکانیان جێبەجێ بکەن و بێ ئەملا و ئەولا ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن و بە خەندەی بایەخ پێنەدانەوە ڕوبەڕوی بێکەسی و بەدبەختییەکەمان ببینەوە، ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوانەی کە پێشکەوتنەکانی سەردەمی

ئێستایان بە دەستهێناوە، یان بەرەو بەدەستهێنانی دەچن، وەکو ئەوە وان کە لەسەر میراتی کەسانی تر دانیشتبن، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە جەوهەری ڕاستەقینەی نەتەوەییمان پێشانی هەمو کەس بدەین، ئەو کەسانەش کە کاری وەها ناکەن و خزمەتی نەتەوەکەیان ناکەن و بە بێکاری دادەنیشن، کەسانی بەدبەختن.(اصف، ١٣٣٠/ ١٩١٤،ژ ٤-٥، ٩-١٠)

دەتوانین بڵێن، بیری نەتەوەیی، تەوەرێکی سەرەکی بو لەگۆڤاری هەتاودا،کە زۆربەی بابەت و بیرۆکەکانی بەدەوریدا دەسوڕانەوە،دەستی بۆ زۆر لایەن و هۆکارەکانی دواکەوتویی لای کوردو ڕێگاکانی ڕوبەڕوبونەوەیان بردوە، تەنانەت نوسەرانی هەتاو داوایان لە ڕۆشنبیران و نەتەوە پەروەرانی کورد دەکات پەرە بەدۆزی نەتەوەیی خۆیان بدەن، لەپێناو بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی و دوانەکەوتن لە نەتەوەکانی دیکە. (هەتاوی کورد، ١٩١٤؛ بۆ زانیاری زیاتر لەو ڕووەوە بڕوانە: توفیق، ٢٠٠٤، ١٩١- ٢٠٤)

## ئەنجام

لەئەنجامی خوێندنەوەو خستنە ڕوی دیدو بۆچون و سەرنجی سەرچاوەکان و شیکردنەوەیان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١- لەکۆتایی سەدەی نۆزدەوە، کۆمەڵگەی کوردی وەرچەرخانێکی مێژویی تێدا ڕویداو لە جوڵانەوەی چەکدارییەوە گواستیەوە بۆ خەباتی ڕۆشنگەریی و دەرکردنی ڕۆژنامەو چاپکردنی کتێب بەزمانی خۆیان.

٢- گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو جیهان کاریگەری گەورەیان دروستکرد، کە سەردەمی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی بو لەجیهاندا، نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییش لەزۆربەی ناوچەکاندا بەرەو سەربەخۆیی هەنگاویان دەنا، کوردیش بەجۆرێکی دیکە کەوتنە خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەهاوتەریب بێت بەو گۆڕانکاریانە.

٣-کاریگەری بیری تۆرانیەت و ڕەگەزپەرستانەی تورکەکان لەناو ڕیزەکانی ئیتیحادو تەرەقی و تورکە لاوەکان، کوردی لەبونی نەتەوەیی خۆی بەئاگا هێنایەوەو لەخەونی یەکپارچەیی دەوڵەتی عوسمانی ڕایچڵەکاند و وایکرد لەدەرەوەی کۆمەڵە ناکوردییەکان چیتر خزمەت نەکات.

٤- دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لەنمونەی تەعاون و تەرەقی کوردو هێڤی و گرنگی دانیان بە ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیرکردنی میللەتەکەیان بەدەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو کردنەوەی قوتابخانە و کتێبخانەو بایەخدانیان بەزمان و کلتوری نەتەوەیی، بەڵگەیە لەسەر نەتەوایەتی بونیان و هەوڵدانیان بۆ پێشخستنی بواری ڕۆشنبیری و نەتەوەیی.

٥- سەرەڕای ئەوەی ئەو کۆمەڵانە نەیانتوانی ئامانجی زۆر گەورە لەروی نەتەوەییەوە بپێکن بەهۆی نەخوێندەواری و هەژاریی کوردەکان و سەرقاڵیان بەکشتوکاڵ و ژیانێکی کلاسیکی دواکەوتوانە، بەڵام بونە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بەردەوامی خەباتی مەدەنی دوای خۆیان هەم لەڕوی ڕۆشنبیریەوە هەم لەڕوی نەتەوەیەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەڵقەیەکی مێژویی گرنگن لەقۆناغەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنی دیرۆکی نەتەوەکەمان.

**سەرچاوەکان**

القران الكريم، سورة الحجرات:١٣، سورة الروم:٢٢.

اصف، سلێمان،(١٩١٤)، هەتاوی کورد، استنبول، ژمارە ٤-٥، ١٠ی مایسی ١٩١٤.

آزیزی، م.س.،(١٣٢٩)، ڕۆژ کرد، ژ.٢، ١٤ شعبان ١٣٣١ بەرامبەر ٦ تموز ١٣٢٩.

ئەحمەد، د.کەمال مەزهەر،(٢٠٠٧)، مێژو کورتە باسێکی زانستی مێژو و کورد و مێژو، دەزگای هێڤی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی دۆست، هەولێر.

ئینتیسار، نادر ،(٢٠٠٣)، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، و. عەتا قەرەداغی، چا. قانیع، سلێمانی.

بروینسێن، مارتین ڤان و ئەوانی تر،( ٢٠١٢) ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، و: وریا ڕەحمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

تمو، فوآد،(١٣٢٩)، ڕۆژ کرد، ژ.١، ١٤ رجب ١٣٣١ بەرامبەر ٦ حزیران ١٣٢٩.

تۆفیق، هۆگر تاهیر،(٢٠٠٩).ئەلفوبێ کوردی بە پیتی عەرەبی و پیتی لاتینی دروستبون و پەرەسەندنی ١٨٩٨-١٩٣٢، و: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چا.هاوسەر، هەولێر.

جەودەت/٢، د.عەبدوڵلا،(١٩١٣)، خیتابێك، ڕۆژی کورد، ژ.١، ٦ی حوزەیرانی ١٩١٣.

جەودەت/١، د.عەبدوڵا ، (١٩١٣)، ڕۆژی کورد، استنبول، ژ.٢، ٦ی تەموزی١٣٢٩/ ١٩١٣.

جەلیل، جەلیلی ، ( ٢٠٠٠)، بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد ، و. صدیق صالح، چا.هەواڵ، بێ شوێنی چاپ.

جەلیل و ئەوانی تر، جەلیلی و م.س.لازاریف، (٢٠١٨)،شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا ، و:بەهادین جەلال مستەفا، چاپی دوەم، ب.١، چا.ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حەقی، بابان زادە ئیسماعیل، (١٩١٣)، ڕۆژی کورد، کورد ، استنبول، ژ.٣، ١اغستوس ١٣٢٩/ ١٩١٣.

حیلمی، ڕەفیق، ( ١٩٣٥)، لەلاپەڕەکانی کێشەی کورد، چا.وطن، بێ شوێنی چاپ.

خەزنەدار، (١٩٨١)، ڕۆژی کورد،١٩١٣، بڵاو کردنەوە پێشەکی و لەسەر نوسینی :جەمال خەزنەدار، بەغدا.

دیاربەکری، نجدت، (١٣٢٩)،ڕۆژ کرد، ژ.١، ١٤ رجب ١٣٣١ بەرامبەر ٦ حزیران ١٣٢٩.

ڕۆژکرد، (١٣٢٩ / ١٩١٣)، ژ١، ٦ حزیران ١٣٢٩.

ڕۆژکرد، (١٣٢٩ / ١٩١٣)، ژ٢، ٦ تموز ١٣٢٩.

ڕۆژکرد، (١٣٢٩ / ١٩١٣)، ژ٣، ١ اغستوس ١٣٢٩.

ڕەسوڵ، سیروان، (٢٠٠٨)، کۆمەڵەی هێڤی و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا، ڕۆژنامەی خەبات، هەینی٢٢ی٢ی٢٠٠٨، ژمارە٢٧٦٩.

زانا، سەڵاح،(٢٠٢٤)، ئامانج و دەرەنجام لە مێژوی بزاڤی نەتەوەیی کوردە، چا.پاندا، سلێمانی.

زەکی بەگ، د.محمد ئەمین، ( ٢٠٠٦)، خولاسییەکی تأریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمرۆ، ئا: ڕەفیق سالح، ب.چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بنکەی ژین، سلێمانی.

سلێمانی/١، عبدالکریم،( ١٣٢٩)، ڕۆژ کرد، ژ.(١)، ١٤ رجب ١٣٣١ بەرامبەر ٦ حزیران ١٣٢٩.

سلێمانی/٢، عبدالکریم،(١٣٢٩)، ڕۆژ کرد، ژ.٢، ١٤ شعبان ١٣٣١ بەرامبەر ٦ تموز ١٣٢٩.

سەعید، مەلا، (١٩٠٨)، نمزی جە کرد (ئەی کوردینە)، کرد تعاون وترقی غزتسی، ژ.١، ٢٢ی تشرینی دوەمی ١٩٠٨، جلد١.

سیف الدین، بیار مستەفا، (٢٠٠٩) ، کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا – ترکیا، و:سەرمەد ئەحمەد، چا . هاوسەر، دەزگای موکریان، هەولێر.

شاوەیس، د.دلێر ئیسماعیل حەقی،(١٩٩٩)، نەتەوە و نەتەوایەتی هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد و دروستنەبونی قەوارەیەکی سیاسی، جامعە سلاح الدین، مجلە زانکۆ للعلوم الانسانیە، ع٧.٤، اربیل، السنە.

عەلی، جەعفەر،(٢٠٠٤)، ناسیۆلیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چا.ڕەنج، سلێمانی.

عەلی، د. عوسمان، (٢٠١٠)، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و.: کامەران جەمال بابانزادە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕێنوێ.

قەرەداخی، عەتا ،( ٢٠٠٧)، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چا.ڕەنج، سلێمانی.
کەنداڵ و ئەوانی تر،( ١٩٩٨)، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت(کورد و کوردستان)، سەرپەرشتکاری نوسین: ژێرارد چالّدیان، و:م. گۆمەیی.
گەنتەر، مایکل ، ( ٢٠٠٧)، فەرهەنگی مێژوی کورد، و:مامکاک، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، بێ چاپخانە، هەولێر.
گوێلداش، ئیسماعیل، (٢٠١١)، جەمیعەتی تەعالیی کوردستان، و:زریان ڕۆژهەلاتی، بنکەی ژین ، چا. شڤان، سلێمانی.
مالمیسانژ، (٢٠٠٨)،جڤاتا هێڤی تەلەبەێ کوردان ١٩١٢-١٩٢٢،و:زریان ڕۆژهەلاتی،پ.عەبدولا زەنگەنە، بنکەی ژین، چا.شڤان، سلێمانی.
مالمیسانژ/١، (٢٠٠٧)، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، و:زریان ڕۆژهەلاتی، پ: سدیق سالح، بنکەی ژین، چا. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی حەمدی، سلێمانی.
مالمیسانژ/٢، ( ٢٠٠٧)، پێگەی کەمال فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورددا، و:زریان ڕۆژهەلاتی، پ.سدیق سالح، بنکەی ژین، چا.شڤان، سلێمانی.
مەحمود، ئەحمەد کاکە،(٢٠٠٩)، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان،چا.دار الفکر، چ.(٢)، لوبنان.
مودەڕیس،مەلا عەبدولکەریمی،(٢٠١١/١٣٨٩)، تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، ئا: محمد عەلی قەرەداغی، ب.٥، بلاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
مودانی،خ، ١٣٢٩، زمان و نزانیا کردان، ڕۆژ کرد، ژمارە٢، ١٤ شعبان ١٣٣١ بەرامبەر ٦ تموز ١٣٢٩ .
هەتاوی کورد، (١٣٣٠/ ١٩١٤)، کرد طلبة هی وی جمعیتی نک بیاننامه سیدر،ئەستەنبوڵ، ژ.٤-٥، ١٠ی مایسی ١٣٣٠- ١٩١٤،استنبول.
هەتاوی کورد، ( ١٣٢٩-١٣٣٠/ ١٩١٤)، ژ ١- ١٠، استنبول.
هاوار، محمد ڕسول،(٢٠٠٦)، کوردرو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوەمی جیهان، چ٢، بەرگی١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە و وەرگێڕان.
توفيق، علي تتر، (٢٠٠٧)،الحياة السياسية في كوردستان ١٩٠٨-١٩٢٧، ت:تحسين ايبراهيم الدوسكي، م. أ.د. عبدالفتاح علي البوتاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، م.خاني، دهوك.
توفيق، هوگر طاهير، (٢٠١٢)، الكرد و المسألة الارمنية ١٨٧٧-١٩٢٠، م. ئاراس, اربيل.
توفيق، هوگر طاهر، (٢٠٠٤)، دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي الكوردي ١٨٩٨-١٩١٨، دار سبيرێز للطباعة والنشر، مطبة وزارة التربية، دهوك.
شريف، د.عبدالستار طاهر،(١٩٨٩)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد.
بابان، اسماعيل حقی، (١٣٢٤)،کرد جه بەدائر، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو٣.
خیالی، خلیل، (١٣٢٤)، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو٧.
ژ نشریات هی وی جوانا طلبة کوردان،(١٣٣٧- ١٩٢١)،هینگر زیمان کوردی، ڕەبری زیمان هردو کوردی: کورمانجی – بابانی،چاپخانه نجم استقبال، باب عالی- ابو السعود
سعید، ملا، (١٣٢٤)، بدیع الزمان ملا سعید کردینک نصایحی، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو١.
کردی، سعد، (١٣٢٤)، کردلر نیه محتاج، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو ٢، ٢٩ تشرین ثانی ١٣٢٤، سلانیک.
کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ( ١٣٢٤)، نومرو ١، ١١ ذی القعدة ١٣٢٦ – ٢٢ تشرین ثانی ١٣٢٤، جمعتيك واسطة نشر افکار يدر- شمدیلك هفته ده بردفمه نشر اولنەجق دینی، علمی، سیاسی، ادبی،اجتماعی غزتەدر، سلانیک.
کرد تعاون و ترقی غزتەسی، (١٣٢٤)،نومرو٧.
مظهر، مظهر زادە، (١٣٢٤)، کتبخانه لر، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو٦ .
نظامنامەسی، کورد قادینلری تعالی جمعیتی،(1919)،دیوان یولندة قادینلر دنیاسی مطبعة سی.
نظیف، سلیمان، (١٣٢٤)، کرد کردستان، کرد تعاون و ترقی غزتەسی، ١٣٢٤، نومرو٢.
Arslan, Mesut, (2014), Di DEWRA OSMANIYAN DE WESANGERIYA KITEBEN KURDI (1844- 1923),Teza Lisansa Bilind, Zaningeha Mardin Artukluye- Enstituya Zimanen Zindi yen Li Tirkiyeye- Saxa Makezanista Ziman u Canda Kurdi, Merdin.
The oxford English Dictionary, (2001), sixth edition, edited by sally wehmeier, oxford University press, Britain.